# بەرنامە و ستراتیژی بۆ کام بزووتنەوە؟
# رەخنەیەك لە هەلویستی عەبدوڵڵای موهتەدی

بەشی دووهەمی نووسراوەی "نەخش و جێگا و شوێنی کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردوستاندا" لە نووسینی عەبدوڵڵای موهتەدی دراوتە دەرێ. موهتەدی لەم بەشەش لە نووسراوەکەی‌دا بە پەنابردنەبەر گوزارشی سیاسی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ٨و دووپات کردنەوەی ئیددیعاکانی رابردووی خۆی گۆیا دەیهەوێ نادروست بوونی هەڵویستی کۆمەڵە لەبەرانبەر بزووتنەوەی کوردستاندا لە روانگە وبۆچوونی مارکسیزمەوە تەوزیح بدا، بەڵام ئەو هەروەك لە لابەلای شێوەی بەیان و رێگا چارەکانی‌دا دەردەکەوێ، هەرچەندی زۆرتر پێ لەسەر ئیددیعاکانی دادەگرێ زیاتر رۆدەچێتە نێو هەڵوێست و بیروباوەڕی بۆرژوازی. موهتەدی لەم نووسراوەیەدا بە پشت بەستن بە گوزارشی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ٨ دیسان ئەو ئیددیعایە دووپات دەکاتەوە کە گۆیا گوزارش لەسەر ئەو باوەڕەیە کە " جەریاناتی بۆرژوا _ناسیۆنالیست سەلاحییەت و توانایی زیاتریان بۆ رێبەری کردنی بزووتنەوەی میللی و بزووتنەوەی گشتی لە دژی رژیمی کۆماری ئیسلامی هەیە".

لێرەدا پێش ئەوە کە بچینە سەر تەوزیح و شیکردنەوەی زیاتری ناوەرۆکی روانگەی مارکسیستی کە لە گوزارشەکەی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە پەیوەند لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستاندا هاتوە، پێویستە ئەم خاڵە بۆ خوێنەرانی بەرێزی ئەم نووسراوەیە روون بکرێتەوە کە روانگەی نازر بەسەر گوزارشی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ٨ لە پەیوەند لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان بۆ یەکەمجار لە پلنۆمی هاوبەشی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە و کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کە لە نیوەی یەکەمی مانگی کولانی ١٣٦٧ یانی ١٣ سال لەوە پێش بەرێوە چوو و عەبدوڵڵای موهتەدیش تێیدا بەشدار بوو خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەو پلنۆمەدا ناوەرۆکی جیهەتگیری‌یەکانی گوزارشی سیاسی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ٧ درایە بەر باس و تەئید کرا و لە کۆنگرەی ۶ کە دوای پلنۆم و لە نیوەی دووهەمی مانگی گولانی هەر ئەو ساڵەدا بەرێوە چوو پەسەندکراوەکان و ئەو بەڵگانامانەی کە پشت بەستوو هەر بەم باس و جیهەتگیری‌یانە بوون پەسەند کرا. هەڵوێست و جیهەتگیری‌یەکانی گوزارشی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ کۆنگرەی ٨ کە کەوتۆتە بەر رەخنەی ئاغای موهتەدی هەر بەو تەئکیدکردنانەوە لە گوزارشی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە کۆنگرەی ۶کە کولییاتەکەی لە لایەن کۆنگرەشەوە پەسەند کرا هاتوە،بەڵام بۆچی عەبدوڵڵای موهتەدی لەو سەردەمەدا تەنیا و شەیەکی لە دژایەتی لەگەڵ جەریانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کۆمەڵە لە دیفاع لە جیهەتگیری‌یەکانی ئەم کۆنگرەیە پێش هەموو کەس کەوت و ئێستا بە تێپەربوونی زیاتر لە ٥ساڵ لە کۆنگرەی ٨ ئەم رەخنەگرتنانەی ئاشکرا دەکا و سەربارەت بە دەورەیەکی مێژوویی دیاری‌کراو لە ژیانی کۆمەڵە، یانی لە کۆنگرەی ۶تا٨ی

کۆمەڵە بێدەنگ دەبێ؟ ئەمانە هەموو ئەو مەسەلانەن کە ریشەیان لە وەرچەرخانی فیکری ئاغای موهتەدیدا هەیە کە لە جیگای خۆیدا دەبێ باسی لێ بکرێ. بەڵام جارێ با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی ئەسڵی.

**وەڵام بە رەخنەیەکی کۆن**

بە رواڵەت وادیارە بەیانی ئەم راستی‌یە کە جەریانی کۆمۆنیستی ناتوانێ تەنیا بە ئیعتیاری بەشداری لە بزووتنەوەی میللی و وەڵامدانەوە بە پێویستی‌یەکانی ئەو لە سەرەوە و لە شوێنی رێبەری ئەودا قەرار بگرێ عەبدوڵڵای موهتەدی تووڕە کردوە. موهتەدی هەرچەند بۆ دەربڕینی ئەم تووڕەیی‌یەی خۆی پەنا بۆ ئەدەبیاتی چەپ دەبا، بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە ناتوانێ قووڵایی دڵ نیگرانی‌یەکانی خۆی لەچاوی خەڵك بشارێتەوە.

عەبدوڵڵای موهتەدی وادیارە لەبیری چۆتەوە یا ئەوە کە ئێستا ئەمە بەقازانجی خۆی کە لە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی کوردستاندا ئەم راستی‌یە کە کۆمەڵە لە دڵی چ هەل ومەرجێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی میللی لە کوردستان قەراری گرتوە نەبینێ. ئاشکرایە کە کۆمەڵگای ئێمە زۆر لە مێژە ئەم دەورە مێژوویی‌یەی تێپەڕ کردوە کە تێیدا بۆرژوازی دەیتوانی سەرپۆش لەسەر ناکۆکی چینایەتی نێوان خۆی و کرێکاران دابنێ و هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی‌یەکانی لەچوارچێوەی بەدەست هێنانی داخوازە گشتی و میللی‌یەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بەپێچەوانە ئێمە لە دەورەیەکداین کە ویست و داواکاری دژ بە یەکی چینایەتی لە حەرەکەت و بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا خۆیان نیشان دەدەن. قووڵبوونەوەی کەلێن و جیاوازی چینایەتی وگەشەی وشیاری کرێکاران راستی‌یەکە کە کەس ناتوانی چاوپوشی لێ بکا. تەنانەت لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیشدا کە ویستی خودموختاری لەسەرەوەی هەموو ویست و داواکاری‌یەکانی‌ترەوە بوو و فشار و سەرکوتی وەحشیانەی کۆماری ئیسلامی بەتوندی رەواجی بە رۆحی‌یەی وەحدەت تەڵەبی دابوو دیسانیش ریزبەستنەکان و بەرژەوەندی دژ بە یەکی چینەکان لە دەروونی ئەم هەل و مەرجەدا خۆی نیشان دەدا. لەو سەردەمەدا ئەگەر هەزارجار بە دروست تەئکیدت لەسەر ئەم نوکتەیە دەکرد کە بەرنامەی خودموختاری لە ناوەرۆکی خۆی‌دا بەرنامەیەکی بۆرژوازی‌یە و بەرنامەی خودموختاری کرێکاری و بۆرژوازیمان نیە دیسانیش لە دنیای واقیعدا چاوڕوانیی ورادەی تەوقوعی کرێکاری کورد لەگەڵ رادەی چاوەڕوانی و تەوەقوعی سەرمایەداری کورد لە بەرنامەی خودمختاری بەئاشکرا جیاوازی‌یەکانی بەرچاو دەکەوێ.لەوانەیە بکرێ ئەم وردبوونەوەیە لەوسەردەمەدا بەحیسابی لاوازبوونی حەرەکەتی سۆسیالیستی و لەخوارەوبوونی رادەی وشیاری گشتی چینی کرێکار دابنرێ، بەڵام ئەوەی کە رۆشن بوو بوونی ئەم حەرەکەتە عەینی‌یە بوو کە کرێکار بۆ نیشاندانی مەوجوودی‌یەتی خۆی پێویستی بە رێگایەك هەبوو و هەوڵی دەدا بە خواست و داواکاری خۆیەوە بێتە نێو مەیدانی سیاسەت. ئەوە کە لەو سەردەمەدا لە داڕشتنی بەرنامەی خودموختاری کۆمەڵەدا خواستی کرێکاری رێگای پێ دەدرێ بێتە نێو بەرنامەی خودموختاری، تەنیا مەسەلەیەکی مەعرفەتی و یا ئاکامی کەم تەجرەبەیی نووسەر لە ئامادە و داڕشتنی بەرنامە نەبوە، بەڵکوو لە راستی‌دا نەتیجەی خەبات و خواستی هێزێکی کۆمەڵایەتی بوو کە تازە هاتبوە مەیدان کە بەشێوەی جۆراوجۆر دەیهەویست خۆی نیشان بدا.

دوای شۆڕەشی ساڵی ٥٧ و هاوکات لەگەڵ پەرسەندنی ئازادی‌یە دیموکراتیکەکان لەژێر تەئسیری گەلێك تایبەتمەندی کە لە کوردستان وجوودی هەبوو، ئێمە هەر زور زوو شاهیدی شکڵ گرتنی رێکخراوە کرێکاری‌یەکان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بووین. ئیتحای‌یەی کرێکارانی فەسڵی و بیکار لە سنە، خانەی کاریگەری سنە، خانەی کاریگەری مهاباد، سەندیکای کرێکارانی بانە، کانوونی کرێکارانی بێکار لە

سەردەشت، ئیتحادی‌یەی کرێکارانی نەغەدە، ئیتحادی‌یەی کرێکارانی بۆکان، هەموو ئەمانە لاذی‌کەم هاوکات و لە ماوەیەکی کورتدا لە شارەجۆراوجۆرەکانی کوردستان پێك هاتن و بە خۆپیشاندان و مانگرتنی لە فەرمانداری‌یەکان و دەربرینی ناڕەزایەتی‌کانی خۆیان لە بەشی زۆریاندا توانی‌یان خواستی بیمەی بێکاری بەسەر رژێمدا بسەپێنی. لەم دەورەیەدا ئازادی بێ‌قەید و شەرتی بەیان و چاپەمەنی و ئازادی پێکهاتنی رێکخراوە و پشت بەستن بە حوزووری کرێکاران و ژێردەتانی کۆمەڵگا بە کردەوە دەرهات.لەم دەورەیەدا جەمعییەتەکانی دیفاع دیفاع لە ئازادی لە زۆربەی شارەکان شکلّ یان گرت، لە مەریوان، مهابادو بڕێك شوێنی دیکە ئیتحادی‌یەکانی جووتیاری لەبەرانبەر موڵکدار و خاوەن زەوی‌یەکاندا پێك هاتن. پێکهاتنی بنکەکان و شوورای گەڕەکەکان لە شاری سنە وەك حەرەکەتیکی جەماوەری و بە ئیبتکاری جەماوەر لە خوارەوە هەموو رادیکاڵیزمێکی کۆمەڵایەتی نیشان دەدەن، ئەم خەباتە هیچ پەیوەندی‌یەکی بە بزووتنەوەی میللی بەشێوەی سوننەتی نەبوو. کۆمەڵە بە حوزوور لەم مەیدانانەی خەباتدا بوو کە خاراو، سەرەڕای تەواوی کەم و کوڕی‌یەك کە هەیبوو هەوڵی دا وەڵام بە پێویستی‌یەکانی بداتەوە و کۆسپەکانی سەر رێگای ئەو بەرەوپێش چوونە لابەرێ. لەو سەردمە مێژوویی‌یەدا، هەرچەند زۆر کورت ماوە بوو و بە هێرشی کۆماری ئیسلامی لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ۵۸ دا کۆتایی پێ هات خواستی خودموختاری جێگایەکی تایبەتی و بەچاوتری لە باقی داخوازە دیموکراتیکەکان نەبوو.

لەڕاستی‌دا کۆمەڵە پێش هێرشی رژێم بۆسەر کوردستان وپێش ئەوەی کە ویستی خودموختاری بچێتە سەرەوەی داواکاری‌یەکانی خەڵکی کوردستان پایەکانی خۆی داکوتابووو رەوتی بوون بە بەشێك لە ناڕەزایەتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی دەست پێ‌کردبوو. سەد ئەڵبەت لە پێش گرتنی تاکتێکی دروست و بەجێ لەبەرانبەر هێرشی رژیم و هەوڵدان بۆ رێکخستنی موقاومەتی چەکدارانە قورسایی و جێگا و شوێنی کۆمەڵەی بردە سەرێ و داڕشتنی بەرنامەی خودموختاری ئەوکات کەئەم داخوازە هاتە گۆڕێ و داخوازەکانی دیکەی خستبوە ژێر تەئسیری خۆی نیشانەی هەست کردن بە بەرپرسایەتی کۆمەڵە بوو لەئاست کۆمەڵگا و بزووتنەوەیەك کە لەئارادا بوو. کۆمەڵە بە هەست کردن بەم راستی‌یە ك کرێکاری کورد لە سەرمایەداران کورد زیاتر لە ستەمی نەتەوایەتی رەنج دەبا و بەم مەبەستەوە ك ناسیۆنالیزمی کورد نەتوانی بە قامکدانان لەسەر بوونی ستەمگەری میللی بیر و رای کرێکاری کورد بە ژەهری ناسیۆنالیزم ئالوودە بکا و توانایی کۆمەڵایەتی‌یەکەی بکاتە هێزی زەخیرەی و تەقالاکانی خۆی بۆ سات و سەودا لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی، تێکۆشا تا لە روانگەی قازانج و بەرژەوندی چینی کرێکارەوە وەڵامی پێویستی‌یەکانی سەردەمە جۆراوجۆرەکانی خەبات دژی ئەو ستەمگەری‌یە و پێویستی‌یەکانی بزووتنەوەی میللی بداتەوە و لەم رێگایەدا سەرکەوتنیشی بەدەست هێناوە. هەڵوێستی سۆسیالیستی بێجگە لەمە نەیدەتوانی شتێکی دیکە بێ، چونکە بزووتنەوەیەك کە ئەمجارە لە کوردستان کەوتبوە رێ و هیچ شێوەیەك لە درێژەی خەتتی بزووتنەوە میللی‌یەکانی پێشتر نەبوو. لە ئاکامدا ئاڵ وگۆڕێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا پێك هاتبوو چینی کرێکاری بە ویست و داواکاری تایبەت بەخۆی هێنابوە مەیدان و لەمەیدانی سیاسی کۆمەڵگادا حوزوری هەبوو و ئەم ئاڵ وگۆڕە نەیدەتوانی هەموو فەزای سیاسی کۆمەڵگا نەخاتە ژێر کاریگەری خۆی. کەوایە ئەوەی کە لە کوردستان وەڕێ کەوتبوو نەك بزووتنەوەیەك، بەڵکوو لەڕاستی‌دا دوو بزووتنەوەی تەواو لێك جیابوون کە بە مەوازاتی یەك لەحەرەکەتدا بوون. بزووتنەوەیەك بزووتنەوەی بۆرژوازی کورد بوو کە بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی و بردنی بەشێکی زیاتر لە چەوساندنەوەی چینی کرێکاری کوردستان، لەبەرانبەر هێرشەکانی دەوڵەتی

مەرکەزیدا راوەستابوو و بە قامکدانان لەسەر نابەرابەرییەکان و بێمافییەکان لەبواری مافی نەتەوایەتی دا دەیهەویست چین و توێژەکانیتری کۆمەڵگا بخاتە ژێر نفووز وجێگا و شوێنی دروشمەکانی خۆی. ئاوات و ئارەزووەکانی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە لە دروشمەکان و بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا مانای سیاسی پەیدا دەکرد.

بزووتنەوەکەی دیکە بزووتنەوەیەکی بەرابەری خوازانە بوو کە لە دڵی ئەم کۆمەڵگایەدا لە ئارادا بوو و لە دەروونی ئەودا رۆژبەرۆژ وشیاری چینایەتی کرێکاران گەشەی دەکرد و لە خەباتی کرێکاری، خەبات لە دژی بێمافی و روڵم و زۆر بۆسەر ژنان، خەباتی جووتیارانی فەقیری دێ بۆ وەرگرتنەوەی زەوی و خەبات بۆ ئازادییە دیموکراتیکەکان و پارێزگاری کردن لەو دەسکەوتانە خۆی نیشان دەدا. ئەم بزووتنەوەیە بەرژەوەند، مەبەست و ئارمانەکانی خۆی لە کۆمەڵەدا دیتەوە. ئەو بزووتنەوەیە خەبات دژی ستەمگەری میللی چ لەو روانگەوە کە ئەوی بە بەشێك لە خەباتی دیموکراتیك دەزانی و ژ لەو روانگەیەوە کە ئەم ستەمگەرییەی بە کۆسپی سەرەکی رەوتی پێشرەوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکاری کوردستان دەزانی، خستبوە بەرنامەی هەڵسووڕانی خۆی.

هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا لایەنی هاوبەشی ئەم دوو بزووتنەوەیە خەبات دژی ستەمگەری میللییە. هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی و داگیرکردنی کوردستان ئەگەرچی پێویستی موقاوەمەتێکی یەکپارچەی لەبەرانبەر رژیمدا پێك هێنابوو و کردبوویە شتێکی زەرووری و داخوازی خودموختاری بردۆتە پێش، بە هەموو ئەمانەشەوە نەیتوانیوە جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو بزووتنەوەیە لەبەین بەرێ. هەر وەك دەیبینین بە پاشەکشەی خەباتی کوردستان لەلایەن رژیمەوە لە ئاخرەکانی ساڵی ٦٢دا ئەمجارە کوردستان بوە مەیدانی ناڕەزایەتی و خەباتی خەڵکی زۆرلێکراوی کوردستان لە دژی زەخت و زۆری هێزەکانی رژیم لە کوردستان، خەبات دژی سەربازگیری و نەهامەتییەکانی شەڕ لە شار و ئاوایییەکان درێژەی پێدرا، کوورەکانی خشت بڕین لە کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکە کە کرێکارانی کورد بەشێوەی فەسڵی تێیاندا کاریان دەکرد بوونە کانوونی کانگرتن و خەبات بۆ وەدەستهێنانی ویست و داواکارییەکانیان. بەرێوەبردنی مەراسمەکانی ئەوەڵی مانگی مەی لە شاری سنە لە ساڵەکانی ٦٦ ٦٧ ٦٨دا بوو کە تێیاندا هەزاران کرێکار بە داخوازی و دروشمی سەربەخۆوە بەشدارییان کرد و لە پەسەندکراوەی خۆیاندا بەرنامەی قانوونی کارێکی کرێکارییان گەڵاڵە کرد. ئەمانە لەلایەن بەرچاوەکانی گەشەسەندنی ئەم بزووتنەوە چینایەتییە بوون.

ئەمانە گۆسەیەکە لە راستییەکانی خەبات لە کوردستانی ئێرانە و هەر ئەم راستییانە یانی بەشداری سەربەخۆیانەی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی ئەم کۆمەڵگایە لە مەیدانی خەباتی سیاسی دایە کە خەسڵەتێکی شۆڕگێڕانەی داوە بە بزووتنەوەی کوردستانی ئێران. بزووتنەوەی کوردستان تەنیا بزووتنەوە بۆ نەهێشتنی ستەمی میللی نیە و دەکرێ بڵێین کە بۆرژوازی کورد و حیزبە سیاسییەکەی نەیتوانیوە ئەم ئاسۆیە بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنی و دیسانیش هەر ئەم راستییەیە کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی ئێرانی لە بزووتنەوە میللییەکان لە کوردستانی تورکیە و عێراق جیا دەکاتەوە. ئێستا بە لەبەر چاوگرتنی ئەوشتانەی کە وترا و بە لەبەرچاوگرتنی رەوتی عەینی لە کۆمەڵگای کوردستاندا ئەگەر ئێمە بەم عیبارەتە کە تەشکیلاتێکی کۆمۆنیستی ناتوانێ تەنیا بە ئێعتباری وردبوونەوە لەسەر مەسەلەی میللی لە سەرەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان قەرار بگرێ لەسەر ئەرکی چینایەتی و سۆسیالیستی خۆمان تەئکیدمان کرد، ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە ئێمە رێبەریکردنی بزووتنەوەی کوردستانمان دوودەستی تەحویلی خیزبی دیموکراتی

کوردستانی ئێران داوە؟ لە روانگەی منەوە ئەم بۆچوونە نەتەنیا راگەیاندنی تەعەلوقی چینایەتی‌یە، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا بەیانی چڕوپڕی رەوتێکە کە تێیدا کۆمەڵە بەرەوپێش هاتوە و جێگا و شوێنی ئێستای لە بزووتنەوەی کوردستاندا بەدەست هێناوە. کۆمەڵە لە بنەڕتدا بەشوێن گرتنی مەسەلەکانی مەربووت بە خەباتی کرێکاران، خەبات دژی بێ‌مافی ژنان و بوون بە سەنگەری دیفاع لە دیموکراسی شۆڕشگێڕانە و هاتنە مەیدان وەك لایەنگری لێبڕاوی نەهێشتنی ستەمی میللی لە سەحنەی سیاسی کوردستاندا توانیویەتی ببێتە رەوتێکی کۆمەڵایەتی و ئەمانە لە سوننەتی خەباتی ناسیۆنالیستی‌دا جێگایەکیان نیە.

ئایا رەوتێك بەم پێشینە شۆڕشگێڕاننەیەوە و لە حاڵێکدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە باشترین خەباتکارانی ریزەکانی خۆی لە سەنگەری دیفاع لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی کوردستاندا لەدەست داوە، بە تەئکیدکردنەوەی سەرلەنوێ لەسەر ئەرکە سۆسیالیستی‌کانی بە بۆرژوازی سپاردوە؟ ئەمەیە هەڵسەنگاندنی جەریانێك و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە عەبدوڵڵای موهتەدی لە مەکتەبە تازەکەی‌دا فێری بوە؟

لە کۆمەڵگای کوردستاندا بە ئاڵ و گۆڕێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە تێپەڕی کردوە، بەرین بوونەوە و گەشەسەندنی خەباتی چینایەتی تێیدا جیابوونەوەی چین و توێژە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە یەکتر و خوزووری زیاتری لە دوو دەیەی رەوتی سۆسیالیستی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات و لەوانە بۆ نەهێشتنی ستەمی میللی، بۆرژوازی کورد و حیزبە سیاسی‌یەکەی ئەو لەباری عەینی و بەپێی ناوەرۆکێك کە هەیەتی جێگا و شوێنێکی وای نیە کە بتوانێ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و کەوایە توانایی بەرەوپێش بردنی و رێبەری‌کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نیە. چۆن هەروەك پێشتر ئاماژەم پێ‌کرد بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان تەنیا بزووتنەوەیەکی میللی نیە. کەوایە ئەم وتەیە کە تەنیا بوونی بزووتنەوەی میللی لە کوردستان بە فەرزدادەنێ و تێیدا جەریاناتی بۆرژوا– ناسیونالیست بە خاوەن سەلاحییەتی زیاتر بۆ رێبەری‌کردنی بزووتنەوەی میللی دەزانێ لەباری عەینی‌یەوە فەڕزێکی غەیرەعەمەلی‌یە و بە کردەوە بگەڕێندرێتەوە و ئاڵ وگۆڕەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەبەر چاو نەگیردرێ. هەر بۆیە ئەگەر ئەم فورموڵبەندی‌یە بەکار گیراوە و بۆتە هۆی پەرێشانی و سەرلێشێواوی عەبدوڵڵای موهتەدی تەنیا بە مەبەستی تەئکیدکردنەوە لەسەر هەڵسووڕانی سۆسیالیستی‌یە، بەڵام سەیرتر لە هەمووی ئەوەیە کە عەبدوڵڵای موهتەدی راست لە هەل ومەرجێکدا پەرێشانی خۆی لە تەئکیدی کۆمەڵە لەسەر هەڵسووڕانی سۆسیالیستی بەئاشکرا نمایش دەدا کە تەئکید و بەرەوپێش بردنی ئەم هەڵسووڕانە زیاتر لە هەر کاتێکی‌تر بۆ جەریانی کۆمۆنیستی و داهاتووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بۆتە پێویست و چارەنووس ساز. هەر چاوەدێرێکی سیاسی کە هەل ومەرجی سیاسی ئێران و کوردستانی بەتایبەت دوای هاتنە کایەی بزووتنەوەی دووی خوردادی گرتبێتە ژێر چاوەدێری دەبێ تێگەیشتبێ کە لایەنگرانی بزووتنەوەی ئیسلاحات لەنێو حاکمییتەتدا لە ماوەی دوو سێ ساڵی رابردوودا هەوڵیان داوە وابنوێنن کە دەیانهەوێ رێگای بەشداری کردنی بۆرژوازی کورد لە دەسەڵاتداریێتی ساسی‌دا بکەنەوە. پێکهێنانی فڕاکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیس، مەترەح کردنی بەهادینی ئەدەب بەناو نوێنەری خەڵکی سنە وەك یەکێك لە قسەبێژانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی، هاوکات ئێقدامی عەمەلی بۆ پێکهێنانی حیزبێکی ئاشکرا لە کوردستان، گۆڕانکاری زۆر چکۆلە و کەم لە بواری فشارە فەرهەنگی‌یەکان، پەیوەندی گرتنی بەردەوامی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ژمارەیەك لە رووناکبیرانی ناسراوی کورد لە دەرەوە بە مەبەستی ئەوڕۆیی‌کردنی ئەم شێوە هەنگاوهەڵگرتنانە هەمووی ئەو هەوڵانەن لەپێناو بەرەوپێش بردنی پڕۆژەی ریفۆرمیسمی بۆرژوازی ئێراندا. بۆرژوازی ئێران لەلایەکەوە

دەیهەوێ بە کردنەوەی بڕێك ڕێگا بۆ بەشداریکردنی بۆرژوازی کورد لە دەسەڵاتی سیاسی و کەم کردنەوەی فشارە فەرهەنگی‌یەکان زەمینە مادی‌یەکانی مەسەلەی میللی لە کوردستان لاواز بکا و لەلایەکی دیکەوە بە توندکردنەوەی فشارەکانی خۆی بۆسەر ڕەوتی پێشکەوتنخواز و سۆسیالیستی بوار بۆ شکستی بزووتنەوەی شۆڕگێڕانەی کوردستان خۆش بکا. ئەڵبەتە ئەم هەل ومەرجە تازەیە، کۆمەڵەی وەك ڕەوتێکی تازەتر بەرەوڕوو دەکا، بەڵام ئەم ئەرکە بەگشتی شتێك نیە غەیری تەئکیدکردنەوەی سەرلەنوێ لەسەر هەڵسووڕانی سۆسیالیستی، هەوڵی چالاکانەتر و هەڵسووڕاوانەتر بۆ ڕێکخستن و سازماندانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکار لە کوردستان وەك بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، شکست پێ‌هێنانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بزووتنەوەی کرێکاری و وەڵامدانەوە بە پێویستی‌یەکانی خەباتی توێژە پێشکەوتنخوازەکانی‌تری کۆمەڵگا، ڕێکخستنی ژنان و لاوان. وەردبوونەوە و شوێن گرتنی ئەم ئەرکانەیە کە دەتوانی زەمانەتی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بکا و پڕۆژەکانی ریفۆرمیسمی بۆرژوازی ئێران لەگەڵ شکست و ناکام مانەوە ڕووبەڕوو بکا.

ئەڵبەتە نابێ بێ‌ئینسافانەش قەزاوەت بکرێ، عەبدوڵڵای موهتەدیش بەبێ ئاماژەکردن بە موئەلیفەکانی ئەو، قسەی لە هەل ومەرجی تازە کردوە، بەڵام بەم جیاوازی‌یەوە کە بە جیهەتگیری و ئەرکێکی ڕاست بەهێچەوانەی جیهەتگیری و ئەرکێك کە جەریانی سۆسیالیستی بۆخۆی تاریف کردوە بەپەلە بەپێشوازی‌یەوە چوە. موهتەدی بە وەلانانی‌یەکجاری ئەو ئەرك و بەرپرسایەتی‌یانەی کە بزووتنەوەی چینی کرێکار خستوویەتە سەرشانی کۆمۆنیستەکان، بە گەورەکردنەوەی مەسەلەی میللی و لە بەرنامەی خودموختاری و فدراڵیسم دەیهەوێ وەڵامی پێویستی‌یەکانی ئەم دەورە تازەیە بداتەوە و هەر بۆ ئەمەیە کە هاتۆتە مەیدانی شەڕ لەگەڵ کۆمەڵەیەکی پێشکەوتنخواز و سۆسیالیست.

ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەو پەیامەی کە لە جیهەتگیری‌یە تازەکانی عەبدوڵڵای موهتەدی‌دا شاردراوەیە و دەیهەوێ بە موخاتبینی خۆی بگەیەنێ، لەلایەکەوە نشاندانی توانایی‌یەکانی خۆیەتی بۆ چەند لێدان و بێنە و بەرە لەسەر ئەو شتە کە بزووتنەوەی ئیسلاخ تەڵەبی لەمەڕ کوردستان لەچەنتەی دایە و لەلایەکی دیکەوە دەیهەوێ خواحافیزی خۆی لەگەڵ سۆسیالیزم و تەواوی سوننەتە شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵەکانی تائێستای کۆمەڵە بەئاگاداری کۆڕ و کۆمەڵە ناسیۆنالیستەکانی کورد لە دەرەوەی وڵات بگەیەنێ. ئەمە ناوەرۆکی ئەو مەبەستەیە کە عەبدوڵڵای موهتەدی بە قەڵەم فەرسایی لەبارەی ئەو پاراگرافە تەڵایی‌یەوە کە لە گوزارشی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆکۆنگرەی ٨دا هاتوە تەعقیبی دەکا. لە پەیوەند لەگەڵ ئەم مەسەلەیشدا دەبێ بڵێین کە ڕێگایەکی موناسبی هەڵنابژاردوە و بەم زمانە لاڵە و بە ئەحما و ئیشارەکردن ناتوانێ گوێ‌دێرانی خۆی لە دەوری ڕوانگە و خەتە تازەکەی کۆبکاتەوە.

ئەگەر مەبەستی عەبدوڵڵای موهتەدی لە خۆهەڵپەساردن بەم پاراگرافەوە کە بەبڕوای من خاڵی بەهێزی ئەو گوزارشەیە، بێجگە لەمانەیە دەبوو ئەم مێتۆدە مارکسیستی‌یەی لە هەڵسەنگاندنی دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکانی لەبیر بوایە کە ناتواندرێ کەسەکان و جەریاناتی کۆمەڵایەتی لەڕووی ئەوەوە کە لەبابەت خۆیانەوە دەیڵێن و عیباراتێك کە خۆی پێ دەڕازێنێتەوە، بەڵکوو دەبێ لەڕووی کردەوە کۆمەڵایەتی‌یەکەیانەوە مێتۆدەی کە بێ‌گومان ئێمە لە قەزاوەت کردن لەسەر عەبدوڵڵای موهتەدی و ڕێکخراوەکەی بەکاری دەبەین. ئەوەی کە لێرەدا بۆ ئێمە گرینگی هەیە ئەو جێگا و شوێنە عەینی‌یەیە کە ڕێکخراوە تازەکەی ئاغای موهتەدی هەر لە سەرەتای

پێکهاتنیەوە لە ریزبەستنە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا بەدەستی هێناوە، ئەو هێزانەی کە لە جەژنی لەدایک بوونەکەیدا بەشداری‌یان کرد و پیرۆزبایی‌یان وت کێ بوون و لە چ بۆچوونێکی نێو کۆمەڵگا هێز وەردەگرن.

عەبدوڵڵا موهتەدی لە بەشی دووهەمی نووسراوەکەشی‌دا هەروا لەسەر ئەم بەراوەژووە ئاشکرایە پێ دادەگرێ کە گۆیا کۆمەڵە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی لە کوردستان بەرنامەی نیە و گۆیا پێشکەش کردنی بەرنامەی ئیسباتی بەپێویست نازانێ و هەر ئەمەش دەکا بە پایەی باسەکانی خۆی و قەڵەم فەرسایی سەبارەت بە پێویستی بەرنامەیەکی ئیسباتی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی و تەنزیمی موناسباتی نێوان کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی، ئیستراتیژی سۆسیالیستی لە بزووتنەوەی کوردستان و خەبات بۆ بە سەرئەنجام گەیاندنی مافی میللەتان لە دیاری‌کردنی چارەنوسی خۆیاندا، بەکافی نازانێ و لەسەر پێویستی بەرنامەی خودموختاری دڵخوازی خۆی پێ‌دادەگرێ.

ئەمە یەکەمین جار نیە کە مارکسیستەکان بەوە تاوانبار دەکرێن کە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی بەرنامەیان نیە و پێیان دەوترێ کە خەبات بۆ بەدەست هێنانی مافی دیاری‌کردنی چارەنووس، ناکافی نازانێ. لێنین کە لە تەواوی نووسراوەکەی خۆی، لەژێر ناوی "مافی میللەتان بۆ دیاری‌کردنی چارەنووسی خۆیان" دیفاع لەم ئەسڵە دەکا و بەشی نۆهەمی بەرنامەی سۆسیال دیموکراتەکانی رووسیە، کە ئەم مافە تێیدا فورمووڵە کراوە، وەکوو بەرنامەی میللی سۆسیال دیموکراتەکانی روسیە ناو لێ دبا، لە چەپ و راستەوە دەکەوێتە بەر هێرشی. سۆسیال دیموکراتە چەپەکان. ئەوان ئەم بەشە لە بەرنامەیان، "کلیشەیی و ناروون" هەڵدەسەنگاند و لەترسی ئەوەی نەکەونە داوێنی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی ژێردەسەڵات ئەوان بە ئاشی بورژوازی میللەتە ستەمگەردا دەکرد. لەلایەکی تریشەوە بۆرژوازی میللەتانی ژێردەست ئەوبەشە لە بەرنامەیان بە غەیرەپراتێك دەزانی و داوایان لە پرۆلتاریا دەکرد بۆ بەکردەوە دەرهێنانی داخوازەکانیان پشتیوانی بێ ئەم لا و ئەولا لەوان بکەن. ئەم باسانە هەر ئەوکات وەڵامی خۆیان لە لێنین وەرگرتەوە. بەڵام ئێمە لێرەدا تێدەکۆشین روونی یکەینەوە کە ئەوە کۆمەڵە نیە، کە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی لە کوردستان بەرنامەی موشەخەسی نیە، بەڵکوو شەوە عەبدوڵڵای موهتەدی‌یە کە وەسوەسەی بوون بە "رێبەری" بزووتنەوەی میللی وای لێ کردوە کە واز لە مارکسیسم بهێنێ.

بەر لە هەموو شتێك پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵی ئەساسی بکەین: یەکەم ئەوەی کە ئێمە لە چوارچێوەیەکی مێژوویی دیاری‌کراودا، لە مەسەلەی میللی دەکۆڵینەوە و دارشتنی بەرنامەیەکی موشەخەس بەپێویست دەزانین. دووهەم ئەوەی کە روونی بکەینەوە کە سەبارەت بە کام بزووتنەوە قسە دەکەین. لێرەدا ئێمە بەشێوەیەکی موجەرەد قسە لە بزووتنەوەی میللی ناکەین، بەڵکوو قسە لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستانی ئێران بە هەموو تایبەتمەندی‌یەکانی خۆیەوە دەکەین ئەمەش بەو مانایەیە کە دەبێ ئێمە واقعییەتی سەرمایەداری‌بوونی کوردستان و زاڵ بوونی موناسباتی کار و سەرمایە لەم چوارچێوە جوغرافیایە دیاری کراوەدا و ناکۆکی نێوان قازانجی سەرمایە و چینی کرێکار بەرەسمی بناسین. ئەوەی کە کوردستان ئێران هەبوونێکی جوغرافیایی سیاسی و حقووقی سەربەخۆی بەدەست نەهێناوە، بە ئەندازەی سەرەدەرزی‌یەك لە ئەهمییەتی پێکهاتە کۆمەڵایەتی‌یەکەی کەم ناکاتەوە و بەوەی کە بە بزووتنەوەی کوردستانیش بڵێین میللی- دیموکراتیك، ناتوانین ناکۆکی نێوان بەرژەوەندی‌یەکانی ئەم دوولایەنە بشارینەوە.

زاڵبوونی پەیوەندی‌یەکانی سەرمایەداری لەم کۆمەڵگایەدا و شکڵگرتنی چینی کرێکار، ویست و داخوازی سیاسی و ئابووری تازە دەخاتە بەرانبەر هێزە سیاسی‌یەکان و بەگشتی هەموو کۆمەڵ. بزووتنەوەی کرێکاری

سەرەڕای هەموو هەڵس و کەوتەکانی، لەماوەی ٢٠سالی رابوردوودا واقعییەتێکی حاشاهەڵنگری کۆمەڵی کوردستان بوە و جێگا و شوێنێکی گرینگی لە مەیدانی سیاسی کوردستاندا بۆ خۆی تەرخان کردوە. پێکهاتن و گەشەی رەوتی سۆسیالیست و کۆمەڵە، خۆی بەرهەمی ئەم ئاڵ وگۆڕە بوە. ئەمانە ئەو لایەنە ئەساسی‌یەن کە بۆ داڕشتنی ستراتیژی سۆسیالیستی و روونکردنەوەی سیاسەت و بەرنامە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی دەبێ لەبەرچاو بگرین. هەبوونی ستەمی میللی و خەبات لە دژی ئەم ستەمگەری‌یە تەنیا یەکێك لە واقعییەتەکانی ئەم کۆمەڵگایەیە. خەبات لە دژی ئەم ستەمگەری‌یە ئەگەر لە دەورەیەکدا بەشێوەی موقاوەمەتی چەکدارانە لەبەرانبەر هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی و داخوازی خودموختاری‌دا خۆی نیشان دا، بەشوێن ئەودا بەداییم لە ناڕەزایەتی و خەباتی خەڵکی کوردستان لەدژی موسیبەتەکان و ئاکامی خوزووری هێزە داگیرکەرەکان کۆماری ئیسلامی لە کوردستان خۆی نیشان داوە. ئەم مەیدانە لە خەباتیش سەرەڕای هەڵس و کەوتەکانی لەپاڵ باقی مەیدانەکانی‌تری بەرەنگاری، سیمایەکی زیندووی خەباتکارانەی داوە بە کوردستان. بە هەموو ئەمانەوە هەوڵدان بۆ لابردنی ستەمی میللی تەنیا یەکێك لە ئەرکەکانی بزووتنەوەی کوردستان پێك دێنێ، نەك تەواوی مەوجوودییەتەکەی.

کەوایە لە کۆمەڵگایەکدا کە ریزبەستن و بەرانبەرکێی چینەکان بۆتە واقعییەتێکی هەموو رۆژەی، ئەوەی کە بۆ هێزێکی سۆسیالیست و کرێکاری ئەهەمییەتێکی گرینگ و لەبان هەموویانەوە پەیدا دەکا، داڕشتنی ستراتیژی سۆسیالیستی چینی کرێکار و هەنگاو بە هەنگاو پێشڕەوی ئەم چینە لەدڵی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندایە. بەرنامەی خودموختاری‌یەك کە موهتەدی و رێکخراوەکەی پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، ناتوانێ وەڵامی داخوازی‌یەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵ بداتەوە. ئەگەر بۆرژوازی کورد تەواوی ئامانجەکانی لە بەسەر ئەنجام گەیشتنی بەرنامەی خودموختاری‌دا دەبینێتەوە، کرێکارانی کوردستانیش کە هێزی بزوێنەر و بەرەوپێش بەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانن، ویست و داخوازی چینایەتی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەگەر قەقووڵمانە کە کرێکاران و زەحمەتکێشان هێزی بزوێنەری سەرەکی بزووتنەوەی کوردستانن، نەك سەرمایەداران و چینەداراکانی کوردستان، دەبێ ئەوەشمان قەبووڵ بێ کە ئەم ویست و داخوازە مادی‌یانەن کە کرێکاران و هەژارانی کۆمەڵیان هێناوەتە هەژان لەبەرانبەر رژیم و سەرمایەداری کوردا. لابردنی ستەمی میللی تەنیا یەکێك لە داخوازەکانی ئەم بزووتنەوەیەیە و بێگومان لابردنی ئەم ستەمگەری‌یە، چینی کرێکار دەخاتە هەل ومەرجێکی زۆر باشتر بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتەکەی، بەڵام تەنیا ئەگەر ئاسۆی سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە و رێگای پێشڕەوی‌یەکەی لەبەرچاو بگرین، دەتوانین درێژە و پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانیش کە یەکێك لە بناغەکانی لابردنی ستەمی میللی‌یە، زەمانەت بکەین. ناتوانین ویست و داخوازی‌یەکانی کرێکاران بخەینە لاوە و لە هەمان خاڵیشدا تێ‌بکۆشین هێز و زەرفییەتی موبارزاتی ئەوان بێنێتە خزمەت بەسەرئەنجام گەیاندنی بەرنامەی خودموختاری. هەڵبەت دەکرێ ئەم کارەش بکەین، بەڵام ئیتر هیچ پەیوەندیەکی بە خەباتی سۆسیالیستی چینی کرێکارەوە نیە. ئەمە هەر هەمان نوسخەیەکە، کە بۆرژوازی پێشتر بۆ کرێکارانی نووسیوە و بێگومان کرێکاران لە دەوری بەرنامەیەکی ئاوا کۆ نابنەوە.

بەرنامەی خودموختاری کە بەسەرئەنجام گەیاندنەکەی بۆتە ئاوات و ئارەزووی بۆرژوازی کورد، تەقالایەکە بۆ بەدەست هێنانی بەشێك لە دەسەلاتی سیاسی. بۆرژوازی کورد دەیهەوێ بە بەدەست هێنانی ئەم ئیمتیازاتە، لە ئیمکاناتێکی زیاتر و لە رێگای ئاسانتر بۆ کۆکردنەوەی سەروەت و چەوساندنەوەی چینی کرێکاری کوردستان

بەھرەمەند بێ و بەرتەسك كردنەوەی سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتی مەركەزی لە كوردستان، دەبێ ببێتە هۆی باشتربوونی ھەل ومەرج بۆ چینی سەرمایەداری كورد لە ھەموو بوارەكاندا.

بۆ بۆرژوازی، سازكردنی سروود و پەرچەم و ئەفسانەی میللی، ھەمووی لەخزمەتی دەست ڕاگەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی دایە. ئەو عاشقی میللەتەكە نیە، بەڵكوو میللەت دەبێ ئامرازێك بێ بۆ دەست ڕاگەیشتنی بۆرژوازی بەدەسەڵاتی سیاسی. ھەر بەم بۆنەوەیە كە بۆرژوازی تێدەكۆشێ تەواوی مەسەلە و كێشمەكێشەكانی كۆمەڵی كوردستان وەلا بنێ، دەیھەوێ ویست و داخوازی چینە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵ، لە لیباسێكی یەكڕەنگی میللی ھەڵدووڕێ و بەرنامەی خودموختاری بكا بە تەوەرەیەك بۆ كۆكردنەوەی كۆمەڵانی خەڵك. سەرمایەداری كورد بە داپۆشینی قازانج و بەرژەوەندی جۆراوجۆری چینە كۆمەڵایەتی‌یەكان، ھەروەھا بەوەی كە دەڵێ: ھێشتا كێشەی چینایەتی وەختی نیە یان نەھاتوە، ئاسۆ و دوورنمای خۆی دەكا بە ئاسۆ و دوورنمای ھەموو خەڵكی كوردستان.

عەبدوڵڵای موھتەدی بەم جیھەتگیری‌یە تازانەیەوە لەواقع دا خەریكە پێ دەنێتە جێ‌پێی بۆرژوازی و بەو ئیددیعا بێ‌پایە و ئاساسەوە كە گۆیا كۆمەڵە بزووتنەوەی كوردستان بە دوودەست تەحویلی بۆرژوازی ئەدات، دەیھەوێ ئێش و ئازاری ئاڵ وگۆڕێك بەسەریدا ھاتوە لەخۆی ھەموار بكات.

بۆرژوازی كورد بەپێی ناوەڕۆكی چینایەتی و ئەو ئامانجانەی كە ھەیەتی، نەتەنیا ناتوانی وەدیھێنانی داخوازی كرێكاران و كۆمەڵانی زەحمەتكیش بكات بە ئەركی خۆی، بەڵكوو ھەمیشە لەبەرانبەر خەباتی كرێكاراندا بۆ بەدەست ھینانی مافەكانیان دەبێتە كۆسپ و لەمپەر. ئەمەش بەمانای وەستان لەبەرانبەر ھێزی بزوتنەری واقعی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی كوردستانە. بەحوكمی ئاڵ وگۆڕێك كە لە كۆمەڵگای كوردستاندا پێك ھاتوە، بۆرژوازی كورد زەرفییەت و ئیستعدادی ڕێبەری بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی لەدەست داوە.

ڕەوتی ئاڵ وگۆڕەكانی كوردستان ئەم ئەركە مێژوویی‌یەی خستۆتە سەرشانی چینی كرێكار و ھێزە سیاسی‌یەكەی، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بەرەوپێش بەرێ و خودموختاری خوازەكانیش، جا لەھەر ھەل و مەرجێكدا بن، بەشوێن خۆیدا رابكێشی. لەبەرانبەر بێ‌ئاسۆیی جەریانی بۆرژوازی‌دا، ھێزی سۆسیالیستی كە شكڵ گرتنی چینی كرێكار زەمینە مادی‌یەكەی پێكھاتنی فەراھەم كردوە، لە ماوەی دوو دەیەی رابەردوودا توانیویەتی ببێ بە بەشێك لە خەباتی چینی كرێكار و بەشێك لە خەباتی زەحمەتكێشان و ژنانی ستەم لێكراوی كوردستان، بۆ ڕزگار بوونیان لەچنك ستەمگەری و دەسەڵاتی كۆنەپەرەستی. كۆمەڵە ئەم خەباتەی لە جەرگەی خەبات لەدژی حاكمییەتی كۆماری ئیسلامی‌دا بردۆتە پێش و لەم ڕێگایەوە توانیویەتی ببێ بە ھێزێكی كۆمەڵایەتی لە كوردستان. كۆمەڵە بە حوزووری خۆی لە مەیدانە جۆراجورەكانی خەباتدا توانیویەتی ئامانجەكانی سۆسیالیستی و بەرابەری خوازانە تا ڕادەیەكی زۆر بباتە نێو چینی كرێكار و بێبەشانی كۆمەڵ. ھێزی سۆسیالیست بەر لە ھەر شتێك دەبێ ستراتیژی و قۆناغەكانی پێشڕەوی چینی كرێكار دابڕێژێ و لابردنی ستەمی میللی دەتوانێ تەنیا بەشێك لە ستراتیژی چینی كرێكار و ھێزی سۆسیالیست لە بزووتنەوەی كوردستاندا بێ. ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوە كوردستاندا پەسەندكراوی كۆنگرەی شەشەمی كۆمەڵە ھەوڵێكە لەم ڕێگایەدا. ئەگەر بەرنامەی خودموختاری یان فدراڵیسم ھەمووئاسۆی حیزبە بۆرژوایی‌یەكان پێك دێنێ، ستراتیژی ئێمە لە بزووتنەوەی كوردستاندا، ئاسۆی جەریانی سۆسیالیست لەم بزووتنەوەیەدا بەیان دەكات.

**بەرنامەی كرێكاران بۆ چارەسەركردنی مەسەلەی میللی**

بۆ ئێمە ماڤی میللەتان بۆ دیاریکردنی چارەنووس، هەر وەکوو لە بەڵگە جۆراوجۆرەکان کۆمەڵەدا دەردەکەوێ شتێکی موجەڕەد و ئینتزاعی نیە، بەڵکوو پشت ئەستوور بە واقعییەتێکی مێژوویییە. خەڵکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی رژیمە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا، بێجگە لە تەحەمووڵی هەموو چەشنە بێمافییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگایەکی چینایەتیدا، لەژێر باری هەڵاواردن و ستەمی میللیشدا بوە. خەڵکی کوردستان بەپێی سیاسەتی رەسمی و عەمەلی و بەپێی یاساکانی ئەم رژیمەش بەکردەوە، وەکوو شارۆمەندێکی دەرەجە دوو لە کۆمەڵگای ئێراندا چاوی لێ کراوە.

دوکەوتووڕاگرتنی کوردستان لەباری ئابووریەوە، بەپێی سیاسەتی هەڵاواردنی شۆوینیستی، دەست تێوەردانی بوروکراتیکی دەوڵەتی مەرکەزی لە دیاریکردنی بەڕێوەبەرانی ئیجرایی لە هەموو پلەیەکدا، بەرگری لە پێکهێنانی رێکخراوە مەدەنی و دیموکراتیکەکان، سیاسەتی هەڵاواردن و دژی ئینسانی ل کاروباری پزشکی و دەرمانی و فەرهەنگی و فێرکردن و خزمەتگوزارییەکانیتر، کە رەنگدانەوەی هەموو ئەمانە دەتوانین لە رێژی مەرگی منداڵان، لە خوارەوەبوونی ئاستی مام ناوەندی بەڕێوەچوون و ژیان، مانەوەی بێسەوادی و بێبەشی لە خزمەتگوزاری خەدەماتێکی شاری زۆر شتیتردا ببینین. ئەمانە بەشێك لەو ستەمەیە کە بەسەر کوردستاندا سەپاوە. بەناوی پاراستنی یەکێتی خاکی ئێران، هەرچەشنە جووڵانەوەیەکی حەقخوازانە کە لە دژی ئەم هەڵاواردن و نابەرابەریە دەکرێ، بە دڕندانەترین شێوە وەڵامی پێ دەدرێتەوە. مەزنیخوازی وئێرانی چ بەناوی ناسیۆنالیزمی رژیمی شا و چ بەناوی ناسیۆنالیزمی ئیسلامی، بەداییم ئامرازی داسەپاندنی دیکتاتۆرییەکی هار و بێهەسەوسار بەسەر خەڵکی کوردستاندا بوە. ئەم بۆچوونە دژی ئینسانییە تەنانەت لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی رژیمشدا زۆر بە ئاشکرا و بەشێوەیەکی بێچاو و روویانە پشتیوانی لێ کراوە و تەبلیغی بۆ کراوە.

ماڤی دیاریکردنی چارەنووس و خەبات لە رێگای بەسەرئەنجا گەیشتیدا زەمانەتێکە بۆ دیفاع لە خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان لەبەرانبەر ئەم ستەمگەرییەدا و هەوڵێکە بۆ کۆتاییهێنان بەم بێمافییانە. بەڕەسمی نەناسینی ئەم مافە ورەت کردنەوەی، بەمانای قەبووڵی سەرکوت و فشار هێنان بۆ تواندنەوەی زۆرەملی لەنێو میلەتی باندەست دایە. ئاشکرایە کە ستراتیژی ئێمە لە کوردستان بەشێکە لە ستراتیژی ئێمە بۆ سازماندان و بەئاکام گەیاندنی شۆڕشی کرێکاری لە ئاستی سەرتاسەریدا، بەڵام هەر وەکوو ئاماژەمان پێکرد، ئێمە لە کوردستان ئەم ستراتیژییە لە جەرگەی هەل و مەرجێکی تایبەتیدا دەبەینە پێش. هەبوونی سوننەتی خەباتی چەکداری و ئەو لێهاتووییەی کە کۆمۆنیستەکان بۆ هیدایەت و رێبەریکردنی بزووتنەوەی جەماوەری لەخۆیان نیشانیان داوە و، تەبدیل بوونی جەریانی کۆمۆنیستی بە هێزێکی بەکەڵك ل مەیدانی سیاسی کوردستاندا. ئەمانە هەموویان هاوسەنگییەکی لەبارتری بۆ درێژەپێدان بە خەباتی کرێکاران و جەماوەری لە کوردستان فەراهەم کردوە، بەڵام سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییانە، بزووتنەوەی کوردستان پەیوەندی مەحکەمی خۆی لەگەڵ خەباتی سەرتاسەری لە ئێراندا پاراستەوە، هەر پێشکەوتنێك لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستاندا یان هەر جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێرانە لە ئاستی سەرتاسەریدا کار دەکەن سەر یەکتر، دەبنە هۆی بەهێزبوونی یەکتر، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی لێك هەڵپێکانی ئابووری و سیاسی کوردستان لەگەڵ باقی شوێنەکانیتری ئێران، هەبوونی فاسیلەیەك لەنێوان پێشڕەوی شۆڕش لە ئاستی سەرتاسەری ولە کوردستاندا ئێمکانی زۆر کەمە و سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان لەگەڵ هەڵچوون و پێکهاتنی هەل و مەرجی شۆڕشگێرانەی سەرتاسەری، گونجاوترین و لەهەمان کاتدا دڵخوازترین حاڵەتێکە کە رەنگە پێش بێ.

به پێی ستراتیژی ئێمه له کوردستان چینی کرێکار و زه‌حمه‌تکێشانی شار و دێ، هێزی بزوێنه‌ری ئه‌سڵی بزووتنه‌وه‌ی شۆڕشگێرانه به‌ستراوه‌ته‌وه به‌ڕاده‌ی گه‌شه‌ی یه‌کێتی سۆسیالیستی چینی کرێکار. به‌بڕوای ئێمه شاره‌کان ناوه‌ندی ئه‌سڵی ناڕه‌زایه‌تی سیاسی و جه‌ماوه‌رین، سه‌رکه‌وتنی بزووتنه‌وه‌ی شۆڕشگێرانه له کوردستان له ئاکامی هه‌ڵچوون و راپه‌ڕینێکی جه‌ماوه‌ری‌دا وه‌دی دێت.

کرێکارانی به‌ده‌سه‌ڵات و گه‌یشتوو له هه‌ل و مه‌رجێکی شۆڕشگێرانه‌دا پێش هه‌رشتێك مافی خه‌ڵکی کوردستان له پێك هێنانی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆی خۆیاندا به‌ڕه‌سمی ده‌ناسن وهه‌ل و مه‌رجی به‌کرده‌وه‌ی که‌ڵك وه‌رگرتن له وه‌ها مافێکیان بۆ پێك دێنن. له‌کاتێکدا که خه‌ڵکی کوردستان بیانهه‌وێ له چوارچێوه‌ی ئێراندا بمێننه‌وه له‌م کاته‌دا ته‌واوی ئه‌و کۆسپانه‌ی که له‌سه‌ر رێگای پێکه‌وه‌ژیان و به‌رابه‌ری میلله‌ته‌کاندا هه‌یه له‌به‌ین ده‌به‌ن و نایهێڵن. له‌نه‌زه‌ر ئێمه‌وه گونجاوترین رێگای پێشڕه‌وه‌ی و سه‌رکه‌وتنی بزووتنه‌وه‌ی شۆڕشگێرانه له کوردستان ئاڵ وگۆڕێکی سیاسی و به‌رپابوونی شۆڕشی سه‌راسه‌ری له ئێرانه و ئه‌مه یانی شکل گرتنی وه‌ها ده‌سه‌ڵاتێك له ئێران که لانی‌که‌م چینی کرێکار ئه‌گه‌ریش به‌ته‌واوی به حکوومه‌ت و نه‌گه‌یه‌نێ ده‌وری چاره‌نووس ساز له پێکهێنانی‌دا بگێڕێ. ئاوا ره‌وتێك بێ‌شك باشترین و گۆنجاوترین هه‌ل و مه‌رج بۆ گه‌یشتن به ئامانجه‌کانی بزووتنه‌وه‌ی شۆڕشگێرانه‌ی کوردستان و له‌وانه سڕینه‌وه‌ی سته‌می نه‌ته‌وایه‌تی پێك دێنێ. سته‌می نه‌ته‌وایه‌تی ته‌نیا کاتێك نامێنێ که خه‌ڵکی کوردستان له دیاری‌کردنی چاره‌نووسی سیاسی خۆیاندا به‌مانای بریاردان له‌سه‌ر جیابوونه‌وه و پێکهێنانی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆ یا مانه‌وه له چوارچێوه‌ی ئێراندا، ئازاد بن و به‌کرده‌وه ئیمکانی ئه‌وه‌یان هه‌بێ به‌شێوه‌یه‌کی دیموراتیك و به‌دوور له هه‌رچه‌شنه فشار و زه‌خت و زۆرێك له‌م مافه‌ی خۆیان که‌ڵك وه‌ر بگرن. دابین کردنی ئازادی به‌یان و راگه‌یاندن، ئازادی پێکهێنانی رێکخراوه جه‌ماوه‌ریه‌کان، ئازادی هه‌ڵسووڕانی حیزبه‌کان، ئه‌و ئیمکانه به خه‌ڵکی کوردستان ده‌دا که له مافی خۆیان بۆ پێکهێنانی ده‌وڵه‌تی سه‌ربه‌خۆ یا ساغ بوونه‌وه له چوارچێوه‌ی ئێراندا به‌شێوه‌ی واقعی که‌ڵك وه‌ر بگرن.

کاتێك که ئه‌م هه‌ل و مه‌رجه پێك بێ ئێمه لایه‌نگری پاسراتن و راگرتنی هاوپشتی و یه‌کپارچه‌یی به‌شه جۆراوجۆره‌کانی چینی کرێکاری ئێران ده‌بین. ئێمه خوازیاری ئه‌وه‌ین که میلله‌تانی دانیشتووی ئێران به‌بێ هیچ چه‌شنه هه‌ڵاواردن و جیاوازی‌یه‌ك وبه مافی ته‌واو و به‌رابه‌ر له‌گه‌ڵ یه‌ك له یه‌کێتی‌یه‌کی ئازادانه و داوته‌ڵه‌بانه‌دا پێکه‌وه بژین. ئێمه خوازیاری ئه‌وه‌ین خه‌ڵکی کوردستان له مافی به‌رابه‌ری شارۆمه‌ندی له‌گه‌ڵ ته‌واوی خه‌ڵکی ئێران به‌هره‌مه‌ند بن. له نه‌زه‌ر ئێمه‌وه مانای مافی به‌رابه‌ری شارۆمه‌ندی بریتی‌یه له‌وه ك خه‌ڵکی کوردستان له‌و مه‌جالانه‌ی که له‌هه‌ر بارێکه‌وه بۆیان هه‌ڵده‌که‌وێ بۆ گه‌شه‌ی توانایی‌کانیان وله ئیمکاناتی وه‌ك یه‌ك بۆ ژیانێکی ئینسانی به‌هره‌مه‌ند بن. بۆ پڕکردنه‌وه‌ی که‌لێنی نێوان ئه‌و میلله‌تانه‌ی که له‌ژێر زوڵم و زۆردا بوون، له‌گه‌ڵ میلله‌تانی پێشکه‌وتووتر و به‌ره‌وپێش بردنی به‌رابه‌رکردنی میلله‌تان له‌گه‌ڵ یه‌کتر ده‌وڵه‌تی شۆڕشگێر له ئێران ده‌بێ زنجیره‌یه‌ك هه‌نگاوی تایبه‌تی له ده‌ستووری کاری خۆیدا دابنێ. بۆ پێکهێنانی به‌رابه‌ری راسته‌قینه یه‌کێك له سه‌ره‌تاکان بریتی‌یه له دابه‌ش کردنی وه‌ك یه‌کی ره‌وتی به‌رهه‌م هێنان له سه‌راسه‌ری وڵات. ناوه‌نده‌کانی به‌رهه‌م هێنانی پیشه‌یی ل چه‌ند شوێن کۆکراونه‌ته‌وه و شوێنێکی وه‌کوو کوردستان له‌م بواره‌وه هه‌ڵاواردراوه. ئه‌م سه‌وادئامووزی، خوێندنی دانشگایی، بارهێنانی فه‌ننی و حیرفه‌یی، کارو شوغڵ و به‌شێونه‌وه بوه.

له به‌رنامه‌ی کرێکاراندا بۆ چاره‌سه‌ری مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تی زمانی زۆره‌ملی هه‌ڵده‌وه‌شێندرێته‌وه، ئۆرگانه‌کانی ده‌سه‌ڵاتداریێتی ناوچه‌یی_ که له نه‌زه‌ر ئێمه‌وه شووراکانن_ جێگای دام و ده‌زگای به‌کرێگیراو که له‌سه‌ره‌وه و له‌لایه‌ن و دوڵه‌تی مه‌رکه‌زی‌یه‌وه دانراون ده‌گرنه‌وه و کۆتایی به ده‌ست تێوه‌ر دانی بوروکراتیکی ده‌وڵه‌تی

مەرکەزی لە بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان دێ و تەواوی کۆسپە حقووقی و قانوونی‌یەکان کە لەسەر بنەمای هەڵاواردنی میللی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا شکڵیان گرتوە وەلا دەنرێن. هەموو ئەمانە وەك پلاتفۆڕم و داواکاری رۆشنی سیاسی لە بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ومافە سەرەتایەکانی خەڵکی زەحمەتکیش لەکوردستان هاتوون و وەك گەلاڵە و بەرنامەی کرێکاری بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی دەکرێنە قانوونی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان.

بەڕێوەبردنی بەکردەوەی بەرنامەیەکی لەم چەشنەیە کە زمینەی پتەو بۆ پێکهاتنی هاوپشتیی راستەقینەی نێوان ئینسانەکانی سەر بە میللەتە جۆارو جۆرەکان پێك دێنێ و حکوومەتێکی شۆڕشگێرانە هەموو ئەمانە زەمانەت دەکا. بە پێچەوانەی تەحریفاتێك کە عەبدوڵلای موهتەدی دەیکا مافی بەرابەری شارۆمەندی بۆ ئێمە مەقوولەکی حقووقی سەربەخۆ لە هەل و مەرجی عەینی بۆ بەدەست هێنانی نیە و زەمانەت کردنی بەڕێوەبردنەکەی سپێردراوە بە حکوومەتێك کە بەهۆی شۆڕشی کرێکارنەوە پێك دێ. لە وەها هەل ومەرجێکدا خەڵکی کوردستان نەتەنیا لەباری رەسمی و حقووقی، بەڵکوو بەشێوەی راستەقینە و بەکردەوە دەبنە شارۆمەندانی بەرابەر لەگەڵ میللەتانی‌تر لە ئێران.

بەمجۆرە دەبینین کە، بەپێی ئەم ستراتیژی‌یە مومکین ترین وگونجاوترین حاڵەت بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان کە وەدی‌هاتنی مافی دیاری‌کردنی چارەنووس و چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی بەشێك لە مەبەستەکانیەتی پێکهاتنی ئاڵ و گۆڕێگی سیاسی و شۆڕگێرانەی سەراسەری‌یە، بەڵام یەکێکی‌تر لە ئیمکانەکانی بەدەست هێنانی دیاری‌کردنی مافی چارەنووس، گەشە و پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان و دەرکردنی هێزی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی لە کوردستانە لە کاتێکدا کە بزووتنەوەیەکی سەراسەریش لەئارادا نەبێ. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێ‌کرا، ئەگەری رەخساندنی وەها هەل و مەرجێك بە لە بەرچاوگرتنی تێکەڵاوی سیاسی ئابووری کوردستان لە گەڵ باقی شوێنەکانی ئێران زۆر لاواز بەنەزەر دەگا، بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە پێویستە وەك ئەگەرێك سەرنجی بدرێتێ.

لە هەل ومەرجێکدا کە خەباتی خەڵکی کوردستان گەیشتبێتە لووتکەی خۆی وبزووتنەوەی جەماوەری بەپشتیوانی هێزی چەکدار، هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمی لە کوردستا ناچار بە پاشەکشە کردبێ و خەڵکی کوردستان بکەونە هەل و مەرجێکەوە کە بەدوور لە هەرچەشنە فشار و زەختێك، ئازادانە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و لەهەمان کاتدا ئێمە شاهیدی کەوتن و پاشەکشەی بزووتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و دەسەڵاتی یەکپارچەی دژی شۆڕش لە رادەیەکی بەربڵاودا بین، لەو حاڵەتەدا باشتر وایە خەڵکی کوردستان رێگای جیایی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بگرنە بەر. لە هەل ومەرجێکی لەوچەشندا پێویست ناکا خەڵکی کوردستان چارەنووسی خۆیان بە موقەدەراتی بزووتنەوەی سەراسەری‌یەوە گرێ بدەن کە خامۆش بوە. لە هەلە ومەرجێکی لەوچەشنەدا ئەگەر وای دابنێین بێتە پێش، چینی کرێکاری کوردستان کە لە چنگ رژیمی دەسەڵاتدار رزگاری بوە، لە جێگا و شوێن و هەل ومەرجێکی گونجاوتر بۆ بەرەبەرەکانێ لەگەڵ بۆرژوازی ناوخۆدا دەبێ.

مەبەستەکەم بە هێنانەوەی نموونەیەك زۆرتر شی دەکەمەوە. ئەگەر دوای شکستی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی‌دا کە لە مێژووی بزووتنەوەی کوردستاندا بە "بزووتنەوەی موقاومەتی یەکەم" ناسراوە، خەڵکی کوردستان و هێزەکانی نێو ئەم بزووتنەوەیە، بیانتوانیبایە بە پاشەکشەکردن بە هێزە داگیرکەرەکانی رژیم هەل ومەرجێکی دیاری‌کراو بەسەر رژیمدا بسەپێنن و بە لەبەر چاوگرتنی هەل ومەرجی ناوچەکە بەگشتی، رێگای جیابوونەوەیان بگرتایەتە بەر، لەو کاتەدا خەڵکی کوردستان ناچار نەبوون بۆ

ماوەی زیاتر لە دوو دەیە تەواوی مەینەتی‌یەکانی دەسەڵاتداریّتی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی، شەڕی ئیّران و عیّراق و تەواوی فشار و زەرەرەکانی سەرچاوەگرتوو لە داگیرکردنی کوردستان تەحەموول بکەن، بەڵام لەو سەردەمەدا و لەنیّو شوور و شەوقی شۆڕشدا کیّ دەیزانی کە ئەم رژیمە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە لە دەسەڵاتدا دەمیّنیّتەوە.

چاوگیّرانیّك بەسەر میّتۆدی لیّنین دا

ئەم بۆچوونەی ئیّمە کە لەسەر بنەمای پیّویستی بەهیّزکردنی هاوپشتی چینی کریّکار دامەزراوە، میّتۆدیّکی مارکسیستی‌یە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی. لیّنین لەهەمان کاتدا کە لەسەر مافی یەکسان لە پەیوەند لەگەڵ پیّکهیّنانی دەوڵەتی میللی‌دا پیّدادەگریّ، هەل لەو کاتەدا هاوپشتی پرۆلتاریای هەموو میللەتەکان بەرزتر و بەقازانجتر لە هەموو شتیّك دەزانیّ و هەر چەشنە خواستیّکی میللی و هەچەشنە جیایی‌یەکی میللی لە روانگەی خەباتی چینی کریّکارەوە هەڵدەسەنگیّنیّ. (لیّنین، مافی میللەتان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی‌دا)

"لە هەل ومەرجیّکدا کە پیّکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆ و ئازاد لە رووسیە تەنیا و تەنیا لە ئیمتیازاتی میللەتی ولکاروس بوو، دەنووسی: ئیّمە پرۆلتاریای ولکارس لە هیچ ئیمتیازیّك و بەتایبەت لەم ئیمتیازە لایەنگری و پشتیوانی ناکەین. ئیّمە لە وڵاتیّکی دیاری‌کراودا خەبات دەکەین و هەموو کریّکارانی ئەم وڵاتە بۆ یەکگرتووبوون بانگەواز دەکەین، ئیّمە ناتوانین فلان و فیسار ریّگای گەشەی میللی زەمانەت بکەین، ئیّمە لە هەموو ریّگاکانی مومکین بەرەو ئامانجی چینایەتیمان پیّشڕەوی دەکەین." (لیّنین هەمان سەرچاوە)

لە جیّگایەکی دیکەدا ای.اچ. کاری میّژوونووس بە هیّنانەوەی نموونەیەك لە لیّنین باسی ئەوەی کردوە کە پرۆلتاریا باوەڕی بە "خودگەردانی میللی" نیە، بەڵکوو تەنیا لایەنگری دووشتە، لەلایەك خوازیاری ئازادی سیاسی و مەدەنی و مافی بەرابەر بۆ هەموانە و لەلایەکی‌تر "مافی خودموختاری" (یانی مافی جیابوونەوەی بۆ هەر میللەتیّك دەویّ) (ای.اچ. کار میّژووی رووسیەی شوورەوی لاپەڕەی ۵۰۴) لیّرەدا هەروەك بەڕوونی دیارە مەبەستی لیّنین لە مافی خودموختاری، مافی جیابوونەوەیە نەك ئەو خودموختاری‌یەی کە موهتەدی مەبەستیەتی)

ئەم ئەسڵە کە مەبەستی لیّنینە لە پەیامی ورسای ساڵی ۱۹۹۱ هاتە دەستووری کار و بەپیّی ئەم ئەسڵە خودموختاری میللی زەمانەتی ئەوەی کرد کە گروهیّکی میللی مافی ئەوەی هەبیّ بە وڵاتیّکی دیکەوە، یا بۆخۆی وڵاتیّکی جیاواز پیّك بیّنیّ، بەڵام ئەگەر ئەو گرووهە میللی‌یە بەهەر هۆیەك لە مافی جیابوونەوەی خۆی کەڵك وەرنەگریّ ئیتر وەکوو گرووهیّکی نەتەوەیی ناناسریّ، بەڵام ئازادی سیاسی و مەدەنی و مافی بەرابەر لەگەڵ باقی میللەتەکانی‌تر بەپیّی پەیمان نامەی "کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان" پاریّزراو دەبیّ. (ای.اچ کار، میّژووی رووسیەی شوورەوی، جلدی ۱ لاپەڕەی ۵۰۵)

لە نەزەر ئیّمەوە بە وەدی هیّنان و زەمانەت کردنی مافی بەتەواوی بەرابەر بۆ میللەتەکانە کە دەتوانین کۆسپەکانی سەر ریّگای یەکگرتوویی ئازادانە و بەدڵخوازی ئەوان لابەرین. ئەگەر دەوڵەتەکانی دەسەڵاتدار لە ئیّران بە ستەمگەری و لەشکرکیّشی و توند و تیژی ویستوویانە بەزۆر میللەتەکان پیّکەوە بلکیّنن، چینی کریّکار دەبیّ لەریّگای نەهیّشتنی هەرچەشنە هەڵاواردن و نابەرابەریەك بوار بۆ یەکگرتوویی و پیّکەوەژیانی دڵخوازاەیان بۆ برەخسیّنیّ. هەڵبەت عەبدوڵڵای موهتەدی لەو هەل ومەرجەدا کە دەوڵەتیّکی دیموکراتیك و شۆڕشگیّڕ لە ئیّران دیّتە سەر کار و خەڵکی کوردستان ئیمکانی ئەوە بەدەست دیّنن تا لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن، بەدیلیّکی‌تر دیّنیّتە گۆڕیّ، یا جیابوونەوە و پیّکهیّنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و یا ئەگەر نەیانهەویست، پیّکهیّنانی حکوومەتی خودموختار لە چوارچیّوەی ئیّراندا.

"... ناکرێ کاتێك که مەسەلەی خودموختاری و یا فدراسیۆن و یا هەر گەلاڵەیەکیتر مەترەح دەکرێ، بەشێوەی دڵخواز دەوڵەتی دەسەڵاتدار لە ئێرانی کۆماری ئیسلامی، بە هەموو سەرەڕۆیی و جینایەت و حەق و کوژییەکانی لەنەزەر بگرێت و بەتایبەت خوزووری" ئەرتەش، پاسدار، بەسیج و هێزەکانی ئیتلاعات" و کەڵك وەرگرتن لەوانە وەك وەسیلەی درێژەپێدانی سەرکوت و هەڵاواردن بەفەرز بگریت، رژیمێك لەنەزەر بگریت کە کوردستان میلیتاریزە دەکا، لە هەر هەوڵێك بۆ راکێشانی پشتیوانهی نێونەتەوەیی لە کوردەکان پێشگیری دەکا و شتیتری لەم چەشنە، بەڵام کاتێك نۆبە دەگاتە بەڕێوەبردنی مافی هاوڵاتی بوونی مەوردی نەزەری خۆتان، دەوڵەتێکی دیموکراتیك و بێئازار و ئینساندۆست وەك مەبنا دابنێن.... (نووسراوەی عەبدوڵڵای موهتەدی لە پەیامی سۆسیالیسم دا)

لەم رستانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ کە ئاغای موهتەدیش هەل ومەرجی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتێکی دیموکارتیك ئینساندۆستی لە ئێران مەبەستە. لێرەدا پێش هەموو شتێك پرسیارێك دێتە پێش، کە بۆچی لە هەل ومەرجێکدا کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە ئێران لەسەر کارە رێگا بۆ وەدیهاتنی مافی بەرابەر لە هەموو بابەتێکەوە کە لەسەرەوەتر روون کراوە، ئامادە دەبێ، دیسانیش موهتەدی هەر پێ لەسەر تەرحی خۆی بۆ خودموختاوێ دادەگرێ؟ مەگەر بێجگە لەوەیە کە لە وەها مەل ومەرجێکدا کێشانی دیوار بەدەوری سنوورەکانی کوردستان یانی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی کوردستان بە هاوسەنگی هێزی سیاسی و چینایەتی لەو کۆمەڵگایەدا و ئەمە یانی لە هەل ومەرجێکدا کە دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە ئێران لەسەر کارە و چینی کرێکار بەشێکی سەرەکی لە دەسەڵا تی سیاسیدا هەیە، چینی کرێکاری کوردستان لە پشتیوانی هاوچینەکانی خۆی بێبەش بکەین و کرێکاری کورد ناچار بێ بۆ یەك لاییکردنەوەی چارەنووسی خۆی لەگەڵ بۆرژوازی نێوخۆ تەنیا پشت بە هێزی خۆی ببەستی. ئایا لەوەها هەل ومەرجێکدا یانی لەکاتی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕ لە ئێران و لە هەل ومەرجێکدا کە زەمینەی هاوپشتی چینایەتی کرێکاران بۆ ریشەکێش کردنی ئاسەواری هەرچەشنە زەڵم و نابەرابەرییەك پێك هاتوە، پێداگرتن لەسەر بەرنامەی خودموختاری بەمانای ئیمتیازدان بە بۆرژوازی نێوخۆ بۆ بە دەستەوەگرتنی بەشێك لە دەسەڵاتی سیاسی نیە؟ ئایا ئەمە هاوپشتی کرێکارانی سەراسەری ئێران بەپێی مەیلی بۆرژوازی نێوخۆ لاواز ناکا و چینی کرێکاری ئێران لە هاوچینەکانی خۆی لە کوردستان دوور ناخاتەوە؟ ئایا پێداگرتن لەسەر خودموختاری لە هەل ومەرجێکی ئاوادا نابێتە کۆسپێك لەسەر رێگای یەکگرتوویی ئازادانە و بەدڵخوازی میللەتانی ئێران بەپێی ریعایەت کردنی کامڵی مافەکان لە هەموو زەمینەکاندا؟ ئایا لە وەها هەل ومەرجێکدا ئێمە دەبێ بەجێگای هەوڵدان لە پێناو یەکگرتوو کردنی چینی کرێکار لە سەندیکا و شوورا سەراسەرییەکاندا، چینی کرێکاری کوردستان لەگەڵ بۆرژوازی نێوخۆی کورد لە چوارچێوەی سنوورەکانی حکوومەتی خودموختاردا بەتەنیا رەها بکەین؟ ئەمانە گۆشەیەك لەو پرسیارانەن کە لەبەرانبەر خودموختاری خوازی ئێمەدا کە لە رێگا زۆری پێچوە و لە ئاستی پەلەیەتی. لە درێژەی باسەکەماندا دیسان دەگەڕێینەوە سەر مەسەلەی خودموختاری. عەبدوڵڵای موهتەدی بە پێداگرتن لەسەر بەرنامی خودموختاری بیهەوێ و نەیهەوێ پێ لەسەر دابین کردن و زەمانەت کردنی بەشی بۆرژوازی کورد لە دەسەڵاتی سیاسیدا دادەگرێ.

جێگا و شوێنی گەڵاڵەکان پلاتفۆرمە دیاریکراوەکان لە نەبوونی هەل ومەرجی شۆڕشگێڕانەی سەراسەریدا لە بەشەکانی پێشتری ئەم باسەدا ئاماژەمان بە سەرخەتی بەرنامەی کرێکاران بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی لە هەل ومەرجی شۆڕشگێڕانەدا کرد و هەوڵمان دا نیشانی بدەین کە بۆچی بەرنامەی خودموختاری ناتوانێ ستراتیژ و بەرنامی ئێمە بێ بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی میللی، هەروەها نیشانماندا کە لەکاتی هاتنەسەرکاری دەوڵەتی شۆڕشگێڕ لە ئێران، بەرنامەی خودموختار تا چ رادەیەك

بەپێچوانەی بەرژەوەندی هاوپشتی چینی کرێکارە و لە ئاکامدا ناتوانی ڕێگاچارە و ئاڵترناتیوی هێزێکی سۆسیالیست بێ.

بەڵام لەڕاستیدا خودموختاری پرۆژەیەکە کە پەیوەندی هەیە بە هاوسەنگی هێزی نێوان حکوومەتە مەرکەزییەکان وهێزە سیاسییەکان. ئەزموونی مێژوویی بزووتنەوە میللییەکانی کوردستان چ لە ئێران، چ لە عێراق وتورکیە ئەوە نیشان دەدا کە هاوسەنگی هێز بەردەوام لە حاڵی گۆڕان دایە. هەر بۆیە چوارچێوەی خودموختاری و ستراتیژییەك کە لەسەر ئەم بنەمایە دادەمەزرێ ناتوانێ نەگۆڕبێ. ئەزموونی کوردستان عێراق ئەمە بەباشی بە ئێمە نیشان دەدا. ئەوە هاوسەنگی هێزە کە سنوورەکانی ناوچەی خودموختار دیاری دەکا. ئیمکانی نیە کە بتوانێ بەپێی ئەوە کە دانیشتوانی فلان شار بە چ نەتەوەیەك ناسراونەتەوە. سنوور و چوارچێوەی ناوچەی خودموختار دیاری بکەی. ئەوە هاوسەنگی هێزی نێوان هێزە سیاسییەکان و دەوڵەتی مەرکەزییە کە دیاری دەکا. بۆ نموونە کرماشان ونەغەدە سەر بە ناوچەی خودموختار هەن یان نین. تا ئەو جێگایەش کە ئەم هاوسەنگی هێزە لەگۆڕاندا بێ چوارچێوەی ناوچەی خودموختاریش قابیلی گۆڕانە و سنوورەکان دەتوانن بەربڵاوتر یان بەرتەسکتر بکرێنەوە.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی و وەدیهاتنی میللەتان لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا وەك هەر مەیدانێکیتری خەبات بۆ وەدەست هێنانی ئازادییە دیموکارتیکەکان و مافە سەرەتاییەکانی خەڵك دەتوانێ دەورانێکی پڕ لە هەوراز و نیشێوی هەبێ، ئیمکانی ئەوە هەیە کە ڕژیم ناچار لە هێندێك پاشەکشەی دیاریکراو بکرێ. لەناو جەرگەی ئەم خەباتەدا مەسەلەی هاوسەنگی هێز و پێشڕەوی هەنگاو بە هەنگاوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە پێناو ئامانجی ستراتیژییەکدا لە کردەوەدا گرینگییەکی زۆری هەیە.

بەرتەسك کردنەوەی دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان وناچارکردنی بە پاشەکشە، کەم کردنەوەی ئەو زەخت و ئازارەی کە بەهۆی دەسەڵاتی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاوە دەتوانێ دەستکەوتێك بێ بۆ خەڵکی کوردستان. ئەم پاشەکشەی ڕژیم کە تەنیا دەتوانێ بەرهەمی خەباتی ڕاستەوخۆی جەماوەری خەڵك بێ، ئیمکانی هەیە لە مەیدانی وت وویژدا ڕەسمییەت پەیدا بکات و یا ئەوە کە لەکردەوە لە گۆڕینی فەزای سیاسی کوردستان و پێکهێنانی هیندێك ئاڵ وگۆڕ لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا ڕەنگ بداتەوە. لەهەر حاڵدا کۆمەڵە لە تەواوی ساتەکانی ئەم خەباتەدا بەشداری دەکا و بۆ دابین کردنی ڕێبەری سۆسیالیستی و کرێکاری بەسەر ئەم پرۆسەیەشدا هەوڵ دەدا و لەهەر قۆناغێکیش بۆ جەماوەری خەڵکی ڕوون دەکاتەوە کە ئەم دەستکەوتانە چ پەیوەندییەکیان بە ئامانجی ستراتیژیکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانەوە هەیە. لەوەها کاتێکدا بە لەبەر چاوگرتنی هەل ومەرجێکی دیاری کراو کە دێتە پێش پلاتفۆرم و یا بەرنامەی تاکتیکی دیاریکارو دەتوانێ بێتە دەستووری کاری کۆمەڵەوە. لە هەل ومەرجێکی وادا بەدەست هێنانی ئیختیاراتێك لە پێناو بەرتەسك کردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی لەچەشنی ئەوە کە لەبەرنامەی خودموختارییدا هاتوە کارێکی موناسب و گونجاوە. بەڵام ڕۆشنە کە بەرتەسك بوونەوەی دەسەڵات و ئیختیاراتی ڕژیمی سەرکوتگەر لە کوردستان بەمانای چارەسەری مەسەلەی میللی نیە و لەڕاستیدا سەرەتایەکە بۆ دەست پێکردنی کێشمەکێشە تازەکان و پێویستی خەبات بۆ وەدی هاتنی هەل ومەرجێك کە خەڵکی کوردستان تێدا بتوانن ئازادانە لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن، هەروا وەك خۆی دەمێنێتەوە. ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە ئەم ڕاستییانە بە سەراحەتەوە بە خەڵکی کوردستان ڕابگەیەنین.

بەڵام هۆکارە سەرەکی‌یەکانی پێداچوونەوە بەسەر ئەو هەڵوێستانە پاش تێپەڕینی ١٢سال بەسەر کۆنگرەی شەشەمدا چ بوون؟ لە کاتێکدا کە عەبدوڵلا موهتەدی لە تەواوی ئەو ماوەیەدا یەکێك لە رێبەرانی ئەو رێکخراوە بوە ودانی بە خۆی‌دا گرتوە، بێ‌دەنگی لێ کردوون و وازی لە کۆمەڵە هێناوە وهەتا بەمجۆرەی کە خۆی دەڵێ:

رێبەری بزووتنەوەی کوردستان بەدوودەست بە حیزبێکی بۆرژوازیی بسپێرێ، چ هۆکارێك زەمینەی پێدا چوونەوەی بەرابردوو وەپشت هەڵ کردن لە مێژووی کۆمەڵەی بۆ ئەو رەخساندوە.

هۆکاری سیاسی وکۆمەڵایەتی و گەلێك فاکتۆری جۆراوجۆر دەتوانن ئەم هەڵگەڕانەوەیە تەوزیح بدەن، بەڵام دوو مەسەلەی سیاسی زیاتر لە هەر هۆیەکی‌تر موهتەدی‌یان تووشی تەوەهوم بەرانبەر بەم رێبازە تازەیەی ئەو کردوە. یەکیان سەرهەڵدانی دیاردەی ناسراو بە بەرەی دووی خورداد و دووهەمیش قەیرانێك کە لە ریزەکانی حیزبی کرێکارانی کوردستان ( پ. ك. کا) پێکهاتوە.

هەرچەند تائیستا عەبدوڵلای موهتەدی و ئەو کەسانەی لە کۆمەڵە جیابوونەتەوە، هەڵسەنگاندنێکی روون و ئاشکرایان لەسەر " بەرەی دووی خورداد" و بزووتنەوەی ناسراو بە "رفورمخواز" نەبوە، بەڵام ئەو بیروڕایانەی لێرە و لەوێ دەریان بڕیوە، ئەو پڕۆژانەی کە بە دەستیانەوەیە، هاوکات بوونیان لەگەڵ ئەو رەوتە سیاسی‌یانەی کە لە دەرەوەی ئەوان لە ئارادان، هەڵسەنگاندنی تەلویحی ئەوان لەسەر بەرەی دووی خورداد نیشان دەدا.

بەدەسەڵاتی گەیشتنی خاتەمی و بەرەی دووی خورداد بە هێنانەگۆڕی دروشمی وت وێژی شارستانییەتەکان و.... ئازای بڵاوکردنەوەی کتێبی شێعر و مێژوو بەزمانی کوردی، ئازادی کۆڕ و کۆبوونەوە سەبارەت بە فەرهەنگی کوردی، ئازادی سەردان وگۆڕینەوەی فەرهەنگی و هونەری لەگەڵ کوردستانی عێراق و لەچوارچێوەی هیئەتە رەسمی‌یەکاندا، رێگەپێدان بە چەند کوردێك بۆ بەشداری بە ئیدارەی ناوچە کوردنشینەکان بەدوای هەڵبژاردنی شووراکاندا، قسەی لێرە ولەوێ لایەنگرانی بەرەی دووی خورداد لە چارەسەری کێشەی عەشیرەیی‌یەکان، پێکهاتنی فراکسیۆنی کوردەکان لە مەجلیس، پێکهاتنی کۆمڵەی کوردەکانی نیشتەجێی تاران هاوکات لەگەڵ ئەم رووداوانە، شوور و شەوقی بەشێك لە رووناکبیرانی کورد لە دەرەوەی ئێران بۆ خۆرێکخستن لەگەڵ ئەم رەوتە و کەڵکە وەرگرتن لەم هەلە لە کوردستان و لێدوان لە پرۆسەی ئاشتی و هاوکات بوونی هەمووی ئەوانە لەگەڵ وەسوەسەبوونی عەبدوڵلای موهتەدی و رێبەری کۆمڵە، بە هیچ جۆرێك ناتوانێ بەرێك وت لە ناکاو بووبێ.

عەبدوڵلای موهتەدی و چەند کەسێکی‌تر لە بەرپرسانی ئینشعاب هاوکات لەگەڵ ئەم رەوتانە بوو کە هەوڵیاندا لە حەرەکەتێکی کوودەتا چیانەدا رێبەری کۆمەڵە بەدەستەوە بگرن ولەپێناو ئامانجەکانی خۆیاندا بیخەنە گەڕ و هاوکاتیش بەمەبەستی خۆرێکخستن لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵی کوردی لە دەرەوە کە لایەنگری خاتەمی دەکەن، هەوڵیاندا وەرچەرخانێکی سیاسی لە هەڵوێستی کۆمەڵەدا بەرانبەر بە دەوڵەتی خاتەمی پێك بێنن.

ئەگەر ئەم قسەیەی موهتەدی کە دەڵێ: "زۆر سەیرە کە دەوڵەتی ئێران، بەتایبەت سەرکۆمار خاتەمی کە باس لە دیالۆگ و وت وێژی نێوان شارستانییەتەکان دەکا و دەیهەوێ لەگەڵ هێز و دەوڵەتە خارجی‌یەکان بەشێوەی وت وێژ کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام لەگەڵ خەڵکی ئێران و کوردستان خازر نیە ئەم وت وێژ و باسانە بەرەوپێش بەرێ." (بڵاوکراوەی پێشڕەو فوریە، مارس ١٩٩٩) ئەویش راست لەسەروبەندی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینی خوێناوی خەڵکی سنە لە ٣ی رەشەممەی ١٣٧٧دا، وەرچەرخانێکی سیاسی تەواو لە هەڵوێستی بنەڕەتیانەی کۆمەڵە و خۆشباوەڕی بەرانبەر بە دەوڵەتی خاتەمی نەبێ، چی‌تری لێ چاوەڕوان دەکرێ. هاوکات لەگەڵ ئەوانە کۆبوونەوەی بەشێك لە رووناکبیرانی کورد لە دەرەوە کە لەلای کۆماری ئیسلامی دەرگایان بۆ کراوەتەوە، لەگەڵ هەیئەتەکانی وەزارەتی ئیتلاعات لێرە و لەوێ و کەڵك وەرگرتن لەو واژە و رستانە کە "ئەگەر

ئاغای خاتەمی باس لە وت وویژی شارستانییەتەکان دەکا، بۆچی لەگەڵ خەڵکی کوردستان و ڕێبەرانی کورد موزاکرە ناکات". سەرجەمی ئەم بەسەرهاتانە باس لە بەرەوپێش بردنی رەوتێکی دیاریکراو دەکەن.

عەبدوڵڵای موهتەدی لە شوێنێکیتر واتە لە دواین وت و وێژی خۆی لەگەڵ رادیۆ فەڕانسە، لە وەڵام بە هەواڵنێری ئەم رادیۆیە کە دەپرسێ، کوردستان لە رەوتی گەشی سیاسی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ئێران هاتۆتە ئاراوە، چ بەشێکی پێبڕاوە، دەڵێ: "پەیوەندی نێوان خەڵك و دەسەڵاتدارێتی لە سێ، چوارساڵی رابردوودا لەڕاستیدا لە هەموو ئێران ئاڵ وگۆڕی بەسەردا هاتوە و خەڵك خوازیاری وەرگرتنەوەی هەموو مافەکانیانن، خوازیاری پەرەپێدانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابین کردنی ئازادی سیاسین. وەها داواکارییەك لە کوردستانیش هەیە، بەڵام من ئاماژە بە یەك، دووجیاوازی دەکەم، یەکەم ئەوەی کە ئیتلاعات لە کوردستاندا دەسەڵاتی زۆرە. ناوەندە دەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی نیسبی لە کوردستان سەلاحییەتێکی کەمتریان هەیە، لەچاو تاران و شارەگەورەکانی دیکەی ئێران و هەر جم و جۆڵێك کە بێتە ئاراوە بە مەیلی خۆیان لە کوردستان لایەنی ئەمنییەتی پێ دەدەن و هەر بۆیە مۆرەکانی ئیتلاعات لە کوردستان دەستیان لێ نەرداوە و جیاوازییەکیتریش ئەوەیە تەنانەت ئەو بڕە ئازادییە لەگەڵ ئەوەشدا کە گەلێك کەند و کۆسپی لەسەر رێگایە، بەڵام هەر ئەو رادە ئازادییەش بە کوردستانەوە رەوا نابین. ئێوە بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆی زمانی کوردیتان نیە لە کوردستان، حەوتوونامە هەن، من مەبەستم ئەوە نیە کە هەرکەس شتێکیان تێدا دەنووسێ کەسێکی سەربەخۆیە. "(وت و وێژی عەبدوڵڵای موهتەدی لەگەڵ رادیۆ فەڕانسە رێکەوتی ١٨ی فورییەی ٢٠٠١). ئەم شێوە قسەکردنە لە چ لێکدانەوەیەکەوە سەرچاوەی گرتوە؟ لە دیاردەی دووی خورداد و ناوەرۆکی دەوڵەتی خاتەمی؟ ئایا بەڕاستی دەکرێ باس لە بوونی ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە ئێران بکرێ بۆ ئەوەی خەڵك خوازیاری پەرەپێدانی بن؟ ئایا دەوڵەتی خاتەمی، ئازادی بە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەڕەوا دەبینێ کە لە کوردستاندا پێشێلی دەکات؟ ئەڵبەتە لێکدانەوە لەسەر ئەوەی کە رژیم بۆچی هەوڵ دەدا لە کوردستان بە پاڵپشتی هێزە سەرکوتگەرەکانی زیاتر دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ کارێکی سەخت نیە چونکە ئەویش بەهۆی بوونی جێنشین و بەدیلی حازر و ئامادەوە لە کوردستانە.

عەبدوڵڵای موهتەدی بە لەژێرپێنان و پشت کردن لە ئەزموونی حیزبیکۆمۆنیست، پێداچوونەوە بە هەڵوێستەکانی رابردووی کۆمەڵە، خۆشباوەڕی و راڕایی و دوودڵی بەرانبەر بە دیاردەی دووی خورداد و پاشەکشە بەرەو جەریانێکی بەرتەسکی ناوچەیی، هەوڵدەدا لەم رەوتانەدا حیسابێکی بۆ بکرێ و لەروانگەی موهتەدییەوە بەمانای ئەوەیە کە لەبواری هەڵسووڕاوتر و چالاکتر بوە و بەمانای " رزگارکردنی کۆمەڵەیە لە شکست و پاشەکشێی چەندین ساڵە."

دووهەم، عەبدوڵڵای موهتەدی لە بەشی ئەوەڵی نووسراوەکەیدا سەبارەت بە شوێنەوارەکانی خراپ کەڵکی لێوەرگرتنی رێبەریی بۆرژوا– ناسیۆنالیستی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا ئاماژە بە نموونەی حیزبی کرێکارانی کوردستان (پ.کا.کا) دەکا و دەنووسی: پ.کا.کا لە رابردوودا نموونەی نەتەوەپەرەستی مارگێڕانە، قەبووڵ نەکردنی هەرجۆرە بیروڕایەکی جیاواز سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوەیی، گۆڕینی خەباتی چەکدارانە بە دیاردەیەکی پیرۆز کە چکۆلەترین رەخنە بەمانای تاوان و شیاوی هەموو جۆرە سزایەك دەبوو، پەرەپێدانی توند و تیژی نابەجێ و زیادەڕەویی، فەرهەنگێکی دواکەوتوانەی سیاسی، پەرەپێدانی ئایینی شەخسییەت پەرەستی، لەدەستدانی هێزی هۆش و بیر و هاندەری سەوداسەری تەنیا لایەنگیکردن لە خۆیان بوون و سەرەڕای ئەوەی پشتیوانێکی بەرینیشیان لێ دەکرا و بەکردەوەش هیچ بەدیل و جێنیشینێکی کارگەریش لەبەرانبەریدا پێك

نەهاتوو، هەموو ئەو سیاسەتە هەڵانەی بەڕێوە دەبرد و سیاسەتی توند و تیژ و ستەمکارانەی دەوڵەتی تورکیە زۆربەی رەخنەگرانی پ.کا.کایان تووشی بێدەنگی کردبوو." (وەرگێراو لە " دەوری کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستان" لفق سوسیالیسم ۴ص ۳۰).

وەدیسان لە شوێنێکیتری هەر ئەو لاپەڕەیەدا دەنووسێ: "پاشان گیرانی عەبدوڵڵا ئوجالان و کردەوەی مەنفی ناوبراو لە بەندیخانەشدا، بەجێگای ئەوەی رێبەری ئەو رێکخراوە راستگۆیانە لەگەڵ ئەو نەتەوەیە کە ئیددیعای خەبات بۆ رزگار کردنیان دەکا، بەرخورد بکات و راستییەکان لەوبارەوە بێنێتە بەر باس. بەجێگای ئەوەی بەڕاشکاوی ئەو مەسەلەیە لەگەڵ خەڵکانێك بێنێتە گۆڕێ کە حازر بوون خۆی بۆ بسووتێنن و رابگەیەنێ کە پێداهەڵوتن و پەسەندی سیاسەتی "کەمالیستی" لە تورکیە عەبدوڵڵا ئوجالانەوە، ئەویش لەکاتێکدا کە بەبەراوەرد، زینداناانیانی تورکیە لەژێر فشار دایە و راگەیەنەرە گشتی و ناوەندە نێونەتەوەییەکانیش بەرپرسانی تورکیەیان خستۆتە ژێر چاوەدێری و دەست و پێی دەوڵەتی تورکیە بەستراو بوو کە نەیخەنە ژێر ئەشکەنجە وئەزیەت و ئازاری نەدەن، بە کەم و کوڕی و لاوازی دادەنێن، هەوڵدەدا بە شاردنەوە و فریودانی خەڵك کۆتایی بە کێشەکە بێنێ و پینەوپەڕۆی بکات."

بەرلەوەی بچیتە نێو قووڵایی باسەکەی عەبدوڵڵای موهتەدی سەبارەت بە پ.کا.کا،- زۆرکەس لای وایە، بەشێوەیەکی نامەربووت لەوێدا هاتۆتە گۆڕێ- لە روانگەی عەبدوڵڵای موهتەدییەوە پ.کا.کا لە رابردوودا پەرەپێدەری توند و تیژی ناپەسەند و سەرەڕۆیانە بوە و باس لە دواکەوتوویی فەرهەنگی سیاسی ئەو حیزبە دەکا، بەڵام ئایا ئەوەی ئەو بەو رێکخراوەیەی دەڵی هەر ئەو کارە نیە کە خۆی و رێکخراوەکەی بەردی بناغەیان داناوە، جارێکیتر سەرنج بدەنە راگەیەندراوی کومیتەی ناوەندییەکەیان کە لە رێکەوتی ۲۵ی بانەمەڕی ۱۳۸۰ و بە قەڵەمی موهتەدی نووسراوە، خەڵکانیتر بەدژی شۆڕش ناودێرکردن و هێشتا هیچ نەبوە بۆ ئەم و ئەو رێوشوێن دیاریکردن بێجگە لە توند و تیژی و زیادەڕۆیی چ مانایەکیتری هەیە؟ تکایە جارێکیتر ئەم راگەیەندراوە چەند راگەیەندراو و نووسراوەی دیکە کە بڵاویان کردۆتەوە بخوێننەوە، ئایا ئەوە بەرچاوترین نموونەی فەرهەنگی دواکەوتوانەی سیاسی نیە؟ موهتەدی رەخنە لە پەرەپێدانی ئایینی شەخسییەت پەرەستی لەناو پ.کا.کادا دەگرێ، بەڵام ئایا هەڵا و هەنگامەی خۆی و هاوبیروباوەڕەکانی پاش شکست لە کۆنگرەیەکی رەوا و بەرهەق حیزبیدا کە هاوبیرانی لە بەڕێوەبەرانی ئەسڵی ئەم کارە بوون، هەڵنەبژێرانەوەی بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی ئەویش بەهۆی هەڵەی سیاسی و تەشکیلاتی، بە چ پێوانەیەك هەڵدەسەنگێندرێ؟

عەبدوڵڵای موهتەدی هێرش بۆسەر پ.کا.کا دەکا کە راستگۆ نەبوە. لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ کە ئێوە چۆن دەتونن رەخنە لە کەسانی دیکە بگرن کە راستگۆ بەبوون، لە کاتێکدا کە موهتەدی و چەندکەس لە هاوفکرانی بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتن و پاوان کردنی رێبەری کۆمەلە دەستیان دایە کردەوەیەکی کوودەتاچیانە، ماوەی ۶مانگ بەشێوەی نهێنی خەریکی کۆکردنەوە و وەسەریەك نانی کەل و پەلی پێویست بوون بەمەبەستی سەرسەختی پرۆژەیەك کە لە خەیاڵیاندا بوو، بێئەوەی کە کومیتە ناوەندییەکانی حیزب و کۆمەڵە واتە هاوڕێیانێك کە ماوەی ۲۰تەنانەت بەشێکیان ۳۰ساڵ پێکەوە لە سەنگرێکی خەباتدا بوون ئاگادار بکرێن، هەتا ئەوکاتە کە گەڵاڵەی کارەکانیان بەرێکەوت ئاشکرا بوو. دیسان پرسیارێك هەیە کە ئێوە بۆچی بیروڕا و پرۆژەکانتان بەسەداقەتەوە لەگەڵ یەکی یەکی ئەندامانی تەشکیلات باس نەدەکرد وبەمەستی پاوانی رێبەری لەرێگای ناوەندە رەسمی و مکانیزمە تاریف کراوەکانی تەشکلاتییەوە هەنگاوتان هەڵنەدەهێنایەوە؟

بەڵام عەبدوڵلای موهتەدی بۆچی پ.کا.کا بەنموونە دێنێتەوە، بەڕاستی کەمی لێداوە. ناوبراو بۆیە ئاماژە بەو نموونەیە دەکا، نەك بۆ ئەوەی کە لەڕوانگەی خۆیەوە بونبەستی جەریاناتی ناسیۆنالیستی نیشان بدات، بەڵکوو دەیهەوێ لەڕوانگەی خۆیەوە وئاماژە بە نموونەیەکی سەرنەکەوتووی ئەم رەوتە بکات.

موهتەدی لەم رێگایەوە دەیهەوێ ئەوە بە لایەنگرانی خۆی بسەلێمنێ کە کاتی ئەوە گەیشتوە بە پشت کردن لە ئەزموونی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بوون بە جەریانێکی بەرتەسکی ناوچەیی، جێی بە تاڵی مەیدانێك کە بەهۆی قەیرانی پ.کا.کاوە پێکهاتوە، پڕ بکاتەوە. دەیهوێ ئەو هیوا و ئاسۆیەیان بۆ بکاتەوە کە گۆیا بە هەل و مەرجێك کە پ.کا.کا تێدایە، شانسی ئەوەیان هەیە کە جێگای ئەو پڕ بکانەوە. جێگای سەرنجە کە گەلێك جار رێبەرانیان لە کۆڕ و کۆبونەوەکانیاندا، رادەی پێشکەوتنەکانی خۆیان بە بەراوەرد لەگەڵ پ.کا.کا هەڵدەسەنگێنن.

بەڵام ئەوە ئاواتێکە بێبناغە و بێناوەرۆکە. ئەوەی کە پ.کا.کای کردە هێزێکی گەورە لە ناوچەکەدا، بێجگە لە سیاسەت و کردەوەی فاشیستیيانەی دەوڵەتی تورکیە بەرانبەر بە کوردەکان و پێشیل کردنی سەرەتاییترین مافەکانی خەڵکی کوردستان لەرێگای سەرکوت و کردەوەی دڕندانەوە، هەڵ و مەرجی جوغڕافیای سیاسی تورکیەش کاریگەری زۆری دانا.

تورکیە لەبەردەم دەوازەی وەرگیرانی بۆ یەکێتی ئوروپادا راگیراوە، دەوڵەتە ئوروپاییەکان بۆ سەپاندنی هەل ومەرجی دڵخوازی خۆیان بەسەر تورکیەدا بەکێشەی کوردەکان یاری لەگەڵ دەکەنو بەدەست نیشان کردنی بێمافییەکانی کوردەکان دەیانهەوێ دەوڵەتی تورکیە رازی بکەن کە لەگەڵ ئیستانداردە پەسەندکراوەکانی ئوروپا خۆی رێك بخات. هەربۆیە کە چالاکییەکانی پ.کا.کا بە خێرایی لەناوچەکە لە ئوروپادا دەنگ دەداتەوە. پێکەوە نەگونجانی سیاسەتی دەوڵەتی ئوروپاییەکان لەگەڵ سیاسەتی ئامریکا سەبارەت بە تورکیە و کێشەی کوردەکانیش، لەم پەیوەندییەدا شوێنەواری خۆی داناوە.

لەلایەکی دیکەشەوە تورکیە یەکێك لە ئەندامانی کاریگەری پەیمانی ناتۆیە، چەندین بنکەی هەوایی ئامریکا لەم وڵاتەدا هەیە، هاوپەمانی نزیکی ئیسرائیل لە ناوچەکەدایە و لەسەرسنووری پەیمانی ناتۆ هەڵکەوتوە. دەوڵەتی ئامریکا بەرانبەر بە ئاڵ وگۆڕەکانی تورکیە زۆر حەساسە و لەرێگای ئەرتەشەوە، راستەوخۆ دەخاڵەت لە رەوتە سیاسییەکانی تورکیەدا دەکات، ئەوانە ئەگەرچی بەمانای فشاری زۆرتری نیزامی بۆسەر پ.کا.کا بوون، بەڵام لەلایەکیترەوە هەوڵ و تێکۆشانی ئەم جەریانەیان خستە بەردەم بیروڕای گشتییەوە.

دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە تورکیە یەکێك لەو وڵاتانە بوە کە پاش شەڕی جیهانی دووهەم زۆرتر لەهەر وڵاتێکیتری ناوچەکە هێزی کاری هەرزانی رەوانەی ئوروپای کردوە، زۆربەی ئەو کۆچبەرانی لە کوردەکان پێکهاتوون و زرۆایەتێکی بەرچاو لە وڵاتە ئوروپاییەکاندا پێك دێنن و بە بەراوەرد لەگەڵ پەنابەرانی کوردی عێراقی، بارودۆخێکی جێگەوتووتریان هەیە. هەروەها بەسەرنجدان بە بەرچاوبوونی سیاسەتی دڕندانەی دەوڵەتی تورکیە سەبارەت بە کوردەکان و نەبوونی بەدیل و هێزێکی کاریگەریتر سەرجەم ئەوانە بوون بەهێزێکی مادی گەورە بۆ پشتیوانی لە پ.کا.کا و سیاسەتەکانی هەل ومەرجی ئێران وکوردستانەکەی لەزۆر لایەنەوە لەگەڵ تورکیە جیاوازی هەیە. لە کوردستانی ئێران راست و چەپی ئەم کۆمەڵگایە ناسراوە. ناکرێ لە رێگای پێکهێنانی هێندێك ریفۆرم لەباڵی راستی ئەو کۆمەڵگایە، هێزێکی زۆر کۆبکەیتەوە، بەڵام دەتوانن بمێننەوە و لە پەراوێزی رەوتە سیاسییەکانی کۆمەڵگادا درێژە بەژیانی بدەن.

بە پێچوانەی تێگەیشتنەکانی عەبدوڵلای موهتەدی و هاوبیرانی کە ئوسوولەن هەڵوێستە تازەکانیشیان لەسەر ئەو تێگەیشتنە داڕشتوە، بزووتنەوەی رادیکاڵ و سۆسیالیستی لەکوردستان زۆر لەوە زیاتر رەگ و ریشەی

داکوتاوە کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە. تەنیا سیاسەتێکی رادیکاڵ و سۆسیالیستیە کە دەتوانێ رێگای سەرکەوتنی بزووتنەوەی رەوا و عادلانەی ئەو خەڵکە خۆش بکات. ئەوان بەخۆهەڵاواسین بەرابردوو و پەشیمان بوونەوە لە ئەزموونی سەرکەوتوانەی ٢٠ساڵی رابردووی کۆمەڵە وهێنانەگۆڕی فدڕالیسم وەك دۆزراوەیەکی "تازە" کەوتوونەتە ناو گێژاو و رێگا دەرناکەن. کۆمەڵە بەئیرادەی لێبراو و سەقامگرتوو و داهاتوویەکی روون پێی ناوەتە مەیدانی ئەو ململانێیانە کە کۆمەڵگا گەشەکردوی کوردستان چاوەڕوانی دەکرد و لە کۆمەڵەی دەخواست.

٢٠ی جۆزەردانی ١٣٨٠ی هەتاوی